# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان

# لە باشووریی کوردستان

(بە گوێرەی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق - ١٩٧٧)

د. عەبدوڵڵا غەفور

## پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان

# لە باشووریی کوردستان

(بە گوێرەی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق - ١٩٧٧)

چاپی دووەم

هەولێر - ٢٠٠٧

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

**● پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشووریی کوردستان**

● نووسەر: د. عەبدوڵڵا غەفور

● تایپ و دەرهێنەری هونەری: نووسەر

● بەرگ: هۆگر سدیق

● سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات

● چاپی دووەم: ٢٠٠٧

● ژمارەی سپاردن: ٨٨٧

● تیراژ: ٧٥٠

● نرخ: ٢٢٥٠

● چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٢٠٩)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani. com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## بەرایی چاپی دووەم

چاپی یەکەمی « پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشووریی کوردستان، بە پێی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق ـ ١٩٧٧ » ساڵی پێرار « بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکـردنەوە لە وەزارەتـی رۆشـەنبـیـری » ئـەرکی چاپکردن و پەخـشکردنـی، لە ئەسـتوو، گرد. وەلێ، مـخـابن، لە سـەر بەرگی دەرەوەی کـتێـبەکـە « کـۆکـردنەوە و رێکخستنـی د. عەبدوڵڵا غەفور » نووسراوە. ئەوەندە نووسینە، جەوهەری کتێبەکەی شێواند. لە بەر ئەوە دەزگای ناوبراو، بڕیاری، چاپکردنەوەی کتێبەکەی دایەوە. وەلێ کارەکە، لە بەر وازهینانی وەزیری رۆشەنبیری، نەکرا. هەروەها، شوێنی تابلی یەک، بە تاڵ مـا بوو. ئەوانە وایانکرد، چاپێکی دیکەی کـتـێـبەکـە و بەلەز بکرێ. بۆ ئەو مـەبەسـتـە، دەزگـای مـوکـریانی بۆ چاپ و پەخش، وەکـو هەمـیـشـە، هاتـە پێش و کتێبەکەی، وەکو لە بەر دەستانە، چاپکراوە.

# بەرایی چاپی یەکەم

لێدوان لە پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوان لە باشووریی کوردستان دا، لەبەر هەمیشە گۆڕینی، دەستکاری کردنی بەقەستیی ژمارەیی نەتەوەکانی، نەتەوە بۆ خەڵک دیاری کردن ، کردنی زمان بە بنەمای سەرەکی بۆ پێناسەکردنی نەتەوە، سەرەرایی ئەوانە گشتیان، بایەخی پراکتیکی، بۆ توێژەوانانی کوردستانی و عێراقی هەردەم و بەتایبەتی لە سەرەتایی نۆهەتەکانی سەدساڵەیی بیستەهەم و بە دوواوە ئینترێسنە و گەرم بووە. تەقەلا زانستیەکانیان، هەتاکو ئەورۆکە، تیسکیان خستووتە سەر چەندین لایەنی کێشەکە. وەلێ ، لەبەر ئاڵۆزکردنی بابەتەکە، هێشتا زۆری ماوە بگاتە رادەی تەواوی و هەر لەبەر هەندێکە هەر چەندی دیکە بکرێ هێشتا هەر کەمە.

ئامانجی سەرەکی کارەکەی کەمن لە لاپەرەکانی بێن کردوومە خۆیی لە چەند خاڵان دەبێنیتەوە وەکو : روونکردنەوەی نەخشەی پێکهاتەیی نەتەوەیی دانیشتوانی باشووریی کوردستان بە پێی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٧دا، لەسەر ئاستی ئەستان، قەزا و ناحیە بە جەخت کردن لەسەر ئەوەیی دووایی. واتە باسی شتێکی بەر لە دەوروبەری بیست و حەفت ساڵ لەمەوبەر دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر ئەوەیی، ئەوەیی کراوە دەستکارییێکی ئەوتۆیی نەکراوە، دەکرێ وەکو هی ئەورۆکەی چاوی لێ بکرێ. ئامازەکردن، بە پێی توانا، بە دینامیکی ژمارەی یەک بە یەکی نەتەوەکان لە کۆی دانیشتوان دا. روو هەڵماڵین لە سیاسەتی دێکوردکردن و بە عارەبکردنی « تەعریب » تریتۆری باشووریی کوردستان لە لایەن عێراقەوە. لە نێوانی ئەوانەدا هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی ئاماری **فەرمی** لەمەڕ پێکهاتەی دانیشتوان دا.

کاری بەردەست بە ناونیشانی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشووریی کوردستان دا، باسی لێوە دەکرێ. وەلێ ناونیشانی دیکەش، بە نموونە، بە عارەبکردن، گروپە ئیتنیەکانی دانیشتوان، ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوان، سیاسەتی نەتەوەیی عێراق لە باشووریی کوردستان و هیدیکەش، هەڵدەگری.

باسی بەردەست سێهەمین نووسینی سەربەخۆیی منە لە بوواری پێکهاتەی

نەتەوەیی دانیشتوانی باشووریی کوردستان دا. یەکەم: لێکۆڵینەوەیێکی ئەتنۆد ـ دیمۆ گرافی لە باشووریی کوردستان دا(ووتار بە روسی ١٩٨٩)، ئەتنۆ ـ دیموگرافیای باشووری کوردستان (١٩٩٥).

لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەیی نەتەوەیی دانیشتوان، لەسەر بنەمای ئاماری فەرمانی، لە باری زانستییەوە بایەخی زۆرترە لەوەیی ئەگەر بێتوو لەسەر بنەمای لیتراتورە بکرێ. وەلێ لە وڵاتێکی وەکو عێراق کە کێشەیی نەتەوایەتی «تریتۆری» لە لایەن دەوڵەتەوە خوڵقێندراوە، تەواو بە پێچەوانەیە. لەبەر یەک لایەنی زانیارییەکان و دووریان لە نەخشەیی راستەقینەی کێشەکە. لەگەڵ ئەوەشدا ناچارم، لەبەر نەبوونی سەرچاوەیی بێ لایەن و بێ دەستروێشتنی و توومەتی قسەی نا هەق، پشتی بۆ نووسینەکەم پێ ببەستم. کەوابی گشت ژمارەکانی ناو باسەکە شەوقی بۆچوونی دەوڵەت دەدەنەوە. منیش بە کۆمینتارییێکی کورت باسیانم کردووە.

کاری بەردەست لەسەر بنەمای چەند سەرچاوەی فەرمی ئەنجام دراوە. وەلێ هەر یەکەیان بە پێی بابەت و زانیاریەکانی تێ ئاخندراو بۆ ئەنجام دانی ئەو لێدوانە سوودیان بە خشیووە.

**١)** التعداد القومی للسکان – سەرژمێری نەتەوەیی دانیشتوان. کەبە ناوی مدیریة الامن العامة – بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی. بڵاوکراوەتەوە. لە پێشەکیەکەی دا هاتووە «مەبەستی سەرەکی لەو لێکۆلینەوەیە رۆنکردنەوەی بەشینەوەی جوگرافی کەمینە نەتەوەکانی عێراقە، لە ناو وڵات بە پێی ئاکامی سەرژمێری دوایی لە ساڵی ١٩٧٧».

بەشێک لە زانیاریەکانی (رێژەی نەتەوەکان لە ئەستانەکان و قەزایەکان گشت عێراق) ئەو کتێبە بە ناوی «کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی تر لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا بەشی یەکەم» بڵاوکراوەتەوە. بەشەکەی دیکە لە زانیاریەکان (رێژەی نەتەوەکان لە ناحیەکانی گشت عێراق) بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵگیراوە. کوردیەکە، لەبەر ئەوەیی ئەسلیەکە پەیداکردنی زۆر دژوارە یانیش هەر بۆیی نە بوو، لە بەر هەندیکە توێژەوانان زۆر بایەخیان دابوێ. وەلێ ناونیشانی کوردیەکە لەگەڵ ناواخنی کتێبەکە لێک نایێن. ناونیشانەکە خەیاڵی خوێنەر تەنیا بۆ کورد و کەمینە نەتەوەکان دەباتەوە، کەچی باسی عارەبیش لە گۆرێدایە! و لە سنووری ئەورۆکەی عێراقیش دا.

**٢)** نتائج التعداد العام للسکان لسنة ١٩٧٧– ئەنجامی سەرژمێری گشتی

دانیشتوان لە ساڵی ١٩٧٧دا. سەرچاویێکی دیکەی بەکار هاتووە. ئەو سەرچاوە ژمارەی سەرجەمی دانیشتوانی یەکە ئیدارییەکانی (ئەستان ، قەزا ، ناحیە) تێ تۆمارکراوە. بەکارهێنانی کەلێنێکی گەورەی سەرچاوەی یەکەمی بۆ پڕکردمەوە.

**٣)** ژماردنی خۆم. ژمارە و ڕێژەی نەتەوەکان لە یەکە ئیدارییەکان بە جووت نە لە سەرچاوەی یەکەم و نە هی دووەم نینە. بۆ کۆکردنەوەی ئەو دوو نیشانە لە یەک شوێن دا، زانیاریم لە سەرچاوەکانی ناوبراو، بەو شێوە، وەرگرتووە: لە یەکەم – سەر لە بەری ڕێژەی نەتەوەکان، دووایی وردبوونەوەیێکی زۆر بە دقەت و ژماردنەوەییێکی یەک بەیەک ڕێژەکان. لەو شوێنانەی کە هەڵەی تێکەوتبوو، بە نموونە زانیاریەکانی قەزای کەلار، قەزای پێنجوین، قەزای بشدەر، ناحیەی شارەزوور، ناحیەی مەرگە، ناحیەی دەربەندیخان، ناحیەی قوشتەپە، ناحیەی هەریر، ناحیەی تەقتەق، قەزای مەخمور، قەزای ڕواندز، قەزای موسڵ، ناحیەی زاب و هیدیکە. هەڵەکانم، لە ڕووداوی وەها، بە ڕێژەی هیدیکە چارە سەرکرووە، واتە ڕێژەی نەتەوەکانم بە هیچ شێوەیێک دەستکاری نەکردووە. لە دووەم : ژمارەی گشتی دانیشتوانی یەکە ئیداریەکان. ژماردنەکەشم بەو شێوە ئەنجام داوە : ڕێژەی نەتەوە × سەرجەمی دانیشتوانی یەکەی ئیداری ÷ ١٠٠ = ژمارەی نەتەوە. ئەوەش بە مەبەستی زانیاری فرەوان کردن و بەر چاو خستنی نەخشەی شوێنی مۆڵدانی هەر یەک لە نەتەوکان لە یەکە ئیدارییەکان داکراوە.

فرەوانکردنی زانیاری گشتی، لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان و هەڵوێستی عێراق لە باشووریی کوردستان دا لەمەڕ ئەو کێشەوە پێویستی بە ئاشنابوون بە هەندێ سەرچاوەی کرد. ئەگەر شتێک خۆم وەکو خەڵکی دیکە نەمزانی بێ و لێم وەرگرتبن ئەوە بە خۆشیەوە لە شوێنی خۆیی ناویان هاتووە.

تریتۆری باشووریی کوردستان، **نەوەکو بە خواستی من بەڵکو وەکو خۆیی هەیە**، لە ساڵی ١٩٧٧ دا، عێراق ئەو ئەستان، قەزا و ناحیەیانەی لێ کێشابوو کە لە لاپەرەکانی دیکەی ئەو کتێبە دێنە پێش. واتە سنووری ئیداری یەکە ئیداریەکان وەکو سنووریی سیاسی تەماشاکراوە. بە تایبەتی لە ڕەخی باشووری - ڕۆژهەڵات و باشووری - ڕۆژاوا. سنووری باشووریی کوردستان، واتە سنووریی نێوان باشووریی کوردستان وعێراق کێشەیێکی دیسکۆسیۆنیە، نەوەکو هەر لە نێوان بێگانان بەڵکو لە نێوان کوردستانیەکانیش دا. بە لایی منەوە ئاگادرکردنەوەی توێژەران،

سیاسییەکان ( خۆمانی و بیانی) خەڵکی رەمەکی و دەزگایەکانی نێو دەوڵەتی، لە شتێکی زۆر هەستیار ئەویش ئەوەیە هەرچی عێراقە خەریکی دیاریکردنی سنووری نەتەوەییە. واتە سنووریی ئەو شوێنانەیی کە کورد هەم کۆمپاکتنە و هەمیش هەرە زۆرینەن ؟ ( پێم وایە مەبەست ٧٥٪ سەرجەمی دانیشتوانە) و لەسەر بنەمای ئەو بۆ چوونە سنووری نێوچەی ئۆتۆنۆمی کێشاوە. دەخیلە ئاگادار بن لەوەیی : ١) ئەوە لەگەڵ سنووری سیاسی یەک ناگریتەوە. ٢) هەشتاو پێنج ساڵە باشووریی کوردستان تەعریب دەکرێ (کۆچپێکردنی کورد و نیشتەجێکردنی عارەب).٣) گشت ئەنجامەکانی سەرژمێریەکان بە تایبەتی خانەی نەتەوەکان دەستکاری کراون. ٤) زمان کراوەتە بنەمای ئینتیمای نەتەوەیی.

سنووری سیاسی باشووریی کوردستان چیای حەمرین و درێژبوونەوەکەیتی بەرەو باکووری رۆژاوا هەتاکو دەگاتە سنووریی نێوان : عێراق، کوردستان و سوریا (باشووری تل کوچک). لەو لایەشەوە خەتێک (ژێر قەزای بەدرە) هەتاکو شوێنی گەیشتنەیەکی سنووری کوردستان، ئێران، عێراق. لێرە لە شوێنی خۆیتی کوردستانییەکان لە شتێک ئاگادار کەمەوە. ئێوە بە چی هەقێک عارەبی نیشتەجێکراوتان، وەکو هاولاتی باشووریی کوردستان، بە تایبەتی لە ئەستانی کرکوک دا پەسند. بە چی هەقێک هەقی مێژوویی بۆ عارەب دروست دەکەن.

پیش دەستکردن بە خوێندنەوەی ناوەرۆکی کتێبەکەم، حەزدەکەم ئاگاداری ئەو خالانە بن : ١) کارەکەم لەسەر بنەمای ئاماری **فەرمانی** ئەنجام داوە. ٢) ژمارەکان بە تایبەتی ئەوانەیی دیالا، کەرکوک و نەینەوا ناتەواون. ٣) جوینەوەیی وشە و رستەکان، لەبەر ئەوەیی باسەکە لە چوارچێوەیێکی سنوورکراو دەخولێتەوە، زۆرە. ٤) لە ناو تێکستەکان دا، لە بەر ئەوەی سەرچاوەکان بۆ شارەزایان دیارە، بە دەگمەن نەبێ نەمنووسیون. دەزانم دەبی بکرێ. وەلێ من، لەو کارەم دا، بە زیادی دەزانم. ٥) وشەکانی کە لە کۆتایی دیرەکان دا جێیان نابێتەوە پیتە زیادەکان بە هەنجێکی زۆر کورت لێک کراونەتەوە و کەوتوونەتە سەرەتایی دێری ژێریان . ئەو شێوە لە زمانە ئەوروپیەکان، بۆ نە شێواندنی دیمەنی رستەکان، باوە. وەلێ لێک کێشانی دێر وەکو ئەوەیی ئێمە دەیکەین زۆر ناشیرینە.

# بەشی یەکەم
# ژمارە و ڕێژەی
# نەتەوەکان لە سەرجەمی دانیشتوان دا

دانیشـتوانی باشـووریی کوردسـتـان، وەکو وڵاتەکانی دیکەی باشووری ـ ڕۆژاوایی ئاسیا، بە خێرایی تێمپی زیادکردنی دانیشـتوانی نـاسـراوە. سـەرەرایی ئەوە ئەو حـالـەتە لە ئاکـامی گۆڕینـی پەیوەندی زان و مـردن دروسـت بووە. لەو چەند سـاڵەیی دووایی دا ژمـارەیی دانیشـتـوانی باشـووریی کـوردسـتـان سـاڵانە نزیکەی ٢،٩٪ زیاد دەکات. واتە چەند هەزار کەس لە ساڵێک دا.

ژمـارەیی دانیشـتـوانی وڵات، بە پێی ئاکـامی سـەرژمـێری ١٩٧٧ گـەیشـتـە ٣٣٠٣ هـەزار کەس. بەو شێوە ١٠٨٦ هـەزار کەس لە هی سـەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ زێتر بوو و ١٤٨٠ هـەزار کـەس لە هی سـاڵی ١٩٥٧. لە داهـاتووش دا زیادەکە درێژەیی هـەیە. فاکتۆری زیاد بوونی دانیشتوان خۆیی لەو دوو خالەیی ژێرەوە دەبێنیتەوە :

ء) بزوتنـەوەیی سـروشـتـی (زاوزێکردن) دانیـشـتـوان بە نیـشـانـەی زان و مـردن و زیادکـردنی سروشـتی دانیشـتوان دەپێوردرێ. واتە جیـاوازی نێوان ژمـارەی زان و مـردن لە مـاوەیی سـاڵێک دا. زان (لە دایکبـوون) لە باشـووریی کـوردسـتـان دا زۆر بەرزە و دەگاتـە دوروبەری ٠٠٣٥/٠ هـۆیەکەشـە دەگەڕێتەوە بـۆ : ژنـهێنان و شـوکردن لە تەمـەنی گەنجایەتی دا؛ خێزانی بە منداڵ بە تایبەتی کوڕ لەناو کۆمەڵگەدا قەدری زۆرترە؛ مسۆگـەرکردنی ژیان لە تەمەنی پیری دا؛ جەلەو نـەگرتنی منداڵ بوون؛ بەکار نەهێنانی دەرمـان بۆ بەرنـەگـرتن؛ قـەرەبۆکـردنەوەیی منـدالەکـانی لە دەسـت چوو لە ئەنجامی نە خۆشی کوشتن . مردن لە دەوروبەری ٠٠١٥/٠ دەبێ ئەگـەر چی ئەوە لە چاو هـی سـاڵانـی رابردوو کـەمـە، وەلێ هێـشـتـا زۆرە لەبەر : نزمـی ئاسـتـی خزمـەتگوزاری تەندروسـتی (بەش نـە کردنی دکتـۆر؛ ژمـارەکـەمی نەخۆشـخـانە؛ نە بوونی جـێگە و قـەڵەباڵغی لە نـەخـۆشـخـانەکـان دا)؛ نەخـۆشی؛ خـراپی خـواردن؛ نەبوونـی جـێگەورێگـەی تەندرو ـ سـتی؛ مـردنی بیـۆلۆژی؛ لـەوانە گـەلێ گـۆشـەندتر شـەڕوشـۆڕ؛ ئەنفـالکردن؛ بە کـۆمـەڵ کوشـتـنی خـەڵک. ئەگـەر ئەوانـەیی دووایی نـەبێ ئەوە ڕێژەیی مـردن لە ناو دانیـشـتـوان دا، نـاڵێم ئەوەندەی وڵاتـەکـانی ئابووری پێشکەوتوو، لەو پەری نزمی دەبێ.

**ب)** بزوتنەوەیی میکانیکی (کۆچکردن). مەبەست لەو فاکتۆرە کۆچکردن لە دەرەوە بۆ ناوەوەیی باشووریی کوردستانە. ئەو فاکتۆرە هەتاکو دێ رۆڵی لە زیادکردنی میکانیکی دانیشتوان لە زیاد بوون دایە. بە نموونە ئەگەر جاران سەرچاوەیی ٥٪ زیادبوونی دانیشتوان بو بێ ئەوە ئەورۆکە خۆی لە نزیکەی ١٥٪ دەدات. پرۆسێنتەکە زەینی پیاوی بۆ پێویستی ئابووری وڵات و قەرەبۆکردنی کەمی زان دەباتەوە. قسەی خۆمان بێ نە ئەمە و نە ئەمیشە. کەوابێ لەبەر چییە ؟ لەبەر بەخورتی نیشتەجێکردنی بێگانەیە لە لایەن عێراقەوە لە خاکی باشووریی کوردستان دا. دەنا نە ئابووریی ئەوەندە گەشەی کردووە کە دەستەکاری خۆیی بەشی نەکات نە زانیش ناتوانی قەرەبۆیی مردن بکاتەوە و سانیشتوانیشی پێ زیاد بێ.

پێکهاتەیی ئیتنی دانیشتوانی باشووریی کوردستان، وەکو لە زانیارییەکانی ئاماری سەرژمێرییەکان دەردەکەوێ، زۆر ئالۆزە. وەلێ راستییەک هەیە نابی فەرامۆش بکرێ ئەویش ناتەواوی و دوور لە راستی ژمارەی هەر یەک لە نەتەوەکانە. هەر کوەکی بێ دانیشتوانی باشووریی کوردستان لە نەتەوەیی جودا بە : بنەچە، زمان، کولتور، ژێوار، باری مێژووی نیشتەجێ بوون، دانیشتوانیان پێکهاتووە. هەبوونی هەندێک لە نەتەوەکان، بە نموونە سریانەکان، لە خاکی باشووریی کوردستان دا برایانە بووە. وەلی هی هەندێکی دیکەیان، بە نموونە عارەب، لە ئەنجامی شەڕوشۆر، داگیرکردن، زۆرەملی بووە.

جیاوازیێکی زۆر هەیە لە سەنگایی رێژەی هەر یەک لە نەتەوەکان لە سەرجەمی دانیشتوانی باشووریی کوردستان دا(تابڵی ١). وەلێ جیاوازی لە ئاستی زان دا لە نێوانیان دا هێشتا روویی نەداوە، لەبەر ئەوەیی گشتیان لە یەک پایەیی گەشەکردنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی ژیان دەکەن. ئەگەر بێتوو ئەندازەی زان لە ژمارەیێکی سنوور ـ دار لە دانیشتوان دا بکەین بە پێوانە بۆ بە راوردکردن ئەو نیشانە، بە نموونە لە نێوان کورد و عارەب دا، ئەوە هی هەردووکیان وەکو یەک دەردەچی.

لێرە بە دوواوە هەوڵی شیکردنەوەی ژمارە و رێژەی یەک بە یەک لە نەتەوەکان دەدەم وەلێ بە پێویستی نازانم خۆم لە قەرەیی ئیتنۆگنیز (پەیدا بوون) یان بدەم. لە بەر ئەوەیی شتێکی تازە نیە بخەمە ئەوەی هەتاکو ئەورۆکە لە لایەن زۆر کەسانەوە کراوە و گوتراوە.

## تابلی ١

### ژمارە و ڕێژەی نەتەوەکان
### لە باشووریی کوردستان (فەرمی) هەزار کەس *

| نەتەوە | ١٩٤٧ | | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| کورد | ٩١٩ | ٥٠,٤ | ١٢٢٨ | ٥٥,٤ | ١٧٢٥ | ٥٢,٢ |
| عارەب | ٧٢٧ | ٣٩,٨ | ٧٥٨ | ٣٤,٢ | ١٤١١ | ٤٢,٧١ |
| تورکمان | ١١١ | ٦,١ | ١٠٠ | ٤,٥ | ١٢٢ | ٣,٦٩ |
| سریان | ٥٣ | ٢,٩ | ٣٨ | ١,٧ | ٢٦ | ٠,٧٩ |
| ئەرمەن | — | — | ٥ | ٠,٢ | ١٠٨ | ٠,٠٥ |
| فەیلی | — | — | — | — | ٣,٦ | ٠,١١ |
| هیدیکە | ١٣ | ٠,٨ | ٨٨ | ٤ | ١٤,٥ | ٠,٤ |
| سەرجەم | ١٨٢٣ | ١٠٠ | ٢٢١٧ | ١٠٠ | ٣٣٠٣ | ١٠٠ |

* لەو سەرچاوانە لێکدراوەتەوە (حەسێبکراوە) سەرباری ٣، سەرباری ٦ و تابلی ٤

### کورد

گەورەتین نەتەوە لە باشووریی کوردستان دا. ڕێژەکەی لە سەرجەمی دانیشتوان کەمێک لە نیوە زێترە. وەنەبی هەر ئەوەندە بەڵکو ئەو نیشانە بە گشتی لە هەژان دایە، بە نموونە، ڕێژەکە لە سێ سەرژمێریی دوایی بەو شێوە بوو : ساڵی١٩٥٧ – ٥٠٪، ساڵی ١٩٦٥ – ٥٥٪، ساڵی ١٩٧٧ – ٥٢٪ بەو دیاردە باشووریی کوردستان بەگەڵ وڵاتەکانی فرەنەتەوە وەکو ئێران، تورکیا دەکەوی. ژمارەی کورد ئەگەر چی لە هی عارەب چەند هەزار زێترە، وەلێ زیادەکە هەتاکو دێ کەمتر دەبێ. پێم وایە، لە داهاتووەکی کورت نەوەکو هەر دێتە ڕێزی ژمارەیی عارەب بەڵکو لە کورتیش دەدا.

هەنگێن کورد لە سەرخاکی خۆیی پایەیی یەکەم بۆ عارەب بەجێ دەهێلی و خۆیی دەچیتە خانەی دووەم. ئەوکات گیروگفتی خاک و دەسەلات گەلێ لەوەی ئەورۆکە ئالۆزتر و بە کێشمەکیشتر دەبێ. فاکتۆری ئەو بارەیی کوردی تێ کەوتووە دەگەرێتە ـ وە بۆ : ء) سیاسەتی عێراق کە بریتیە لە تەنگ هەڵچنین، دەورگرتن ، تەسکردنی پانتایی ژیانکردن، هەڵقەناند، ریشە دەرکێشان ، ئینجا نیشتەجیکردنی عارەب لە شوێنیان دا. سیاسەتی لەوە گلاوتر قەت نەبووە و نابێ. داگیرکەرانی دیکەی (تورکیا، ئێران، سوریا)، کوردستانیەکان لە شوێنی خۆیان دەکەن بە تورک، فارس و عارەب. عێراق بە پێچەوانە، ئەگەر چی جیاواز لە وان بە کورد دەدزانی و بە فەرمانی باسی کوردستانیش دەکات، لە سەرخاکی خۆت ناهێلی ئەوجا بە عارەبی دەکات. مەترسیەکە ئا ئەلێرە دایە. ئەو سیاسەتە وەنەبی هەر هی ئەورۆکەی بێ بەڵکو لە وەتی لێک لکاندنی سێ ولایەتی سەردەمی عوسمانییەکان بە ناوی موسڵ (باشووریی کودستان)، بەغداد و بەسرە لە ساڵی ١٩٢١و دوواتر، بە ناوی «عێراق«. قسەی خۆمان بێ ئەوە کەراکتەری مێژوویی عارەب بووە لەو رۆژەی کە لە نیمچە دورگەی عارەبیەوە بە ناوی ئیسلامەوە هێرشیان بۆ سەر خاکی دراوسێیەکانیان دەست پێکرد. ب) بێ دەسەلاتی، بەرپەرچ نەکردن، خۆنەگرتن، قەی چیە و هیدیکەی کورد.

## عارەب

یەک لە گەورەترین نەتەوەکانی باشووریی کوردستان ئەوانەن. خەسلەتی عارەب لە خێراتر، لە چاو نەتەوەکانی دیکە، زۆربوونیان دایە. رێژەیان لە ساڵی ١٩٧٧دا، نزیکەی ٤٣٪ لە سەرجەمی دانیشتوانی ولات بوو. لە بیست ساڵی رابردوودا سەنگی رێژەییان بەو شێوە بوو : ساڵی١٩٥٧— ٤٠٪، ساڵی ١٩٦٥ — ٣٤٪. کەوابی ٣٪ لە هی یەکەم و ١٠٪ یش لە دووەم زێتر بوو. ئەوە وەنەبی لەبەر زێتر زاوزێ کردنیان لە چاو نەتەوەکانی دیکەی ولات بێ، بەڵکو لە ئەنجامی نیشتەجێکردنی شەپۆلی تازە و تازەتر لە لایەن عێراقەوە لە تریتۆری باشووریی کوردستان دا. ئەورۆکە هیچ نیشانەیێک نیە ئینسانی بینیتە سەر ئەو باوڕەی کە لە داهاتوودا رێژەکەیان هەر هیچ نەبی دەمەیی و نابنە نەتەوەیی یەکەم بە ژمارە لە رێزی دانیشتوانی باشووریی کوردستان دا.

## تورکمان

سێیەمین نەتەوە لە نێو دانیشتوان دا ئەوانەن. واتە بە ڕێژە دووایی کورد و عارەب دێ. ئەوەش پایەیی سێهەمی لە نێوان نەتەوەکانی دیکەی وڵات پێ بەخشیوە. خەسڵەتی تورکمان وەکو هی کورد لە کەمکردنی ڕێژەیان دایە لە نێو دانیشتوانی باشووریی کوردستاندا. نەخشەکە لە سێ سەرژمێری رابردوو بەو شێوە بوو : ساڵی١٩٥٧ – ٦٪، ساڵی ١٩٦٥ – ٤،٥ ٪ ، ساڵی ١٩٧٧ – ٤٪. کەوابێ لە ماوەیی بیست ساڵی رابردوو ٢٪ کەم کردووە. ڕەنگە فاکتۆرەکەی بۆ بە عارەبکردن و خۆ بە عارەب نووسین بێ. وەکی دیکە بە ئەندازیی کورد نە کەوتوونەتە بەر شێلاوی کۆچپێکردن.

## سریان

سریان (کلدان، سریان، ئاسوری) بە ئەسڵ وەکو کورد کوردستانین. ڕێژەیان لە چاو نەتەوەکانی دیکە یەکجار زۆر کەمە. ئەورۆکە نزیکەی ٠،٨ ٪ دانیشتوانی باشووریی کوردستانیان پێک هێناوە. قسەی خۆمان بێ ئەو پرۆسینتە لە چاو هی ساڵی ١٩٥٧ (٣٪) و هی ساڵی ١٩٦٥ (١،٧ ٪) زۆر کەمترە. وەلێ پێم وایە ڕێژەکان، لەبەر ئەوەی زۆربەیان بە عارەب ناونووس دەکرێن، نابی لە ڕاستیەوە نزیک بن.

## فەیلی

سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٧دا، فەیلیەکانی لە کوردەکانی دیکە جوداکردووتەوە و، ڕێژەیان بە جودا بۆ ژماردراوە. کەچی لە سەرژمێرەکانی ساڵی ١٩٥٧ و هی ساڵی ١٩٦٥ ئەوە نەکراوە. ئەگەر سیاسەت بخرێتە لاوە ئەوە جوداکردنەوەیان بۆ زانست دەبێتە هەڵەیێکی گەورە. هەر چۆنێک بێ ١١،٠ ٪ دانیشتوانی باشووریی کوردستان بە فەیلی ناونووس کراوە.

## ئەرمەن

نەتەوەیێکی زۆر بچووک بە ژمارە لە نێو دانیشتووانی باشووریی کوردستان دا. لەبەر کەمیان لە سەر ژمێری ساڵی ١٩٥٧ بەگەڵ هیدیکە خراون لە ناونووسی ساڵی ١٩٦٥یش ٠،٢ ٪ لە هی ساڵی ١٩٧٧یش ٠،٠٥ ٪ دانیشتوانیان پێک هێناوە.

## هیدیکە

ژمارەییێکی زۆر لە دانیشتوانی باشووریی کوردستان ئەورۆکە بە نەتەوەیی هیدیکە ناونووس کراون. تۆ بلێی نزیکەی ١٥ هەزار کەس (٤٤ , ٠٪ سەرجەمی دانیشتوان) خۆ دورگرتن لە گێچەڵی عێراق « عارەب» نەبێ نەزانی سەر بە کام نەتەوەیە لە باشووریی کوردستان دا . جارێ هیچ گومان لەوەدا نیە کە عارەب نین. چونکە ئەگەر هەوبوونانە ئەوە بە شانازیەوە نەتەوەیی خۆیانیان ئاشکرادەکرد. عارەب هێشتا نەگەیشتووتە ئەو رادەیەیی لەبەر کردەوە » پیرۆزاکانیان « شەرمی بە عارەب بوونی خۆیی بێ. کەوابێ هەر نەتەوەییێک بەشی، لەو کاتیگۆرییەی دانیشتوانی باشووریی کوردستان هەیە.

# بەشی دووەم
# ژمارە و ڕێژەی
# نەتەوەکان لە سەرجەمی دانیشتوانی ئەستانەکان دا

جیاوازییێکی جوگرافی یەکجار زۆر و لەبەرچاو لە ڕێژەی هەر یەک لە نەتەوەکان لە نێوان سەرجەمی دانیشتوانی ئەستانەکان دا هەیە. هەندێک لە ئەستانەکان، بە هۆیی مێژوویی و سیاسەتی نەتەوەیی عێراق، بۆ کورد قۆرخ کراوە. هەندیێکی دیکە بۆ عارەب، وەلێ نە بە هۆیی مێژوویی، پاوان کراوە. بەڵکو لە ئەنجامی سیاسەتی بە عارەب کردن و کۆچپێکردن بووە. هەڵبەتە شێکردنەوەیان نەخشەی نیشتەجێ بوون و سیاسەتی نەتەوەیی عێراق لە باشووریی کوردستان دا باشتر ڕوون دەکاتەوە. لەو بەشەدا ئەوەندەی بە پێویستی بزانم فاکتۆری مۆڵی ئەم نەتەوە و ئەو نەتەوە لەم و لەو ئەستان ئاشکرا دەکەم. ئەستانەکان بە پێی زۆروکەمی ڕێژەی کورد لەسەرەوە بۆ خوارەوە (تابلی ٢) (نەخشە ٢) :

## ئەستانی سلێمانی

پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی سلێمانی، لە گشت ئەستانەکانی دیکەی وڵات، یەک ڕەنگترە. ئەورۆکە ئینتریسی عێراق لە بەعارەباندنیی نیە. لە لاییێکەوە لە سنووریی باکووریەوە دوورە و لە لاییێکی دیکەش کانزایی سروشتی« نەفت»، ئەگەر هەشبێ نە دۆزراوەتەوە، نیە. هەروەها مەترسی هاتنی ئێران، لە وێوە بۆ سەر باکووریی عێراق ئنجا بەغداد، لە ڕوویی سەربازیەوە بە ڕاست نازاندرێ. وەلێ هەرکاتێک بخوازیی، لە جێ بەجێکردنی خواستەکەی هێز نیە پێشی لێ بگری.

### کورد

زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی سلێمانی کوردە. بەو نیشانە، لە نێوان ئەستانەکانی دیکەی باشووریی کوردستان، پایەیی یەکەمی گرتووە. ئەوە وەنەبێ هەر ئەورۆکە وابێ بەڵکو زانیاریەکانی ئاماری دەری دەخەن لە ڕابردووشدا هەر وابووە. بە نموونە، لە ساڵی ١٩٥٧ – ٩٨،٤٪ و لە ساڵی ١٩٦٥ – ٨٦،٥٪

## تابلی ٢

### ژمارە و ڕێژەی
### نەتەوەکان لە سەرجەمی دانیشتوانی ئەستانەکان دا - ١٩٧٧

| ئەستان | نەتەوەکان | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەرجەم | کورد | عارەب | تورکمان | سریان | ئەرمەن | فەیلی | هیدیکە |
| کوردستان | ٣٣٠٣٣١٠ | ١٧٢٤٤٤٤ | ١٤١٠٩٨٣ | ١٢١٨٠٧ | ٢٦٢٢٣ | ١٧٩٩ | ٣٥٦٨ | ١٤٤٨٦ |
| ٪ | ١٠٠ | ٥٢٫٢ | ٤٢٫٧١ | ٣٫٦٩ | ٠٫٧٩ | ٠٫٠٥ | ٠٫١١ | ٠٫٤٤ |
| هەولێر | ٥٤١٤٥٦ | ٤٦٥٣٨٣ | ٥٦٠٥٣ | ٨٨٣٨ | ٨٨٠٥ | ١٠٩ | ٧٠ | ٢١٩٨ |
| ٪ | ١٠٠ | ٨٥٫٩٥ | ١٠٫٣٥ | ١٫٦٣ | ١٫٦٢ | ٠٫٠٢ | ٠٫٠١ | ٠٫٤ |
| دهۆک | ٢٥٠٥٧٥ | ١٩٠٣٣٥ | ٤٦٣٦٠ | ٤٩٨ | ١١٧١٧ | ٨٨٥ | ٤٣ | ٧٣٧ |
| ٪ | ١٠٠ | ٧٥٫٩٥ | ١٨٫٥ | ٠٫٢ | ٤٫٦٨ | ٠٫٣٥ | ٠٫٠١ | ٠٫٢٩ |
| سلێمانی | ٦٩٠٥٥٧ | ٦٤٨٤٧٣ | ٣٧٩٤٥ | ٨٤٥ | ٤٣٨ | ٥٠ | ١٥١ | ٢٦٥٥ |
| ٪ | ١٠٠ | ٩٣٫٩ | ٥٫٤٩ | ٠٫١٢ | ٠٫٠٦ | – | ٠٫٠٢ | ٠٫٤ |
| کەرکوک | ٥٧١١٦٢ | ٢٢٠٠٢٢ | ٢٤٦٩٢٨ | ٩٤٧٧٥ | ٤٠٧١ | ٥٩٨ | ٧٤١ | ٤٠٢٦ |
| ٪ | ١٠٠ | ٣٨٫٥٢ | ٤٣٫٢٣ | ١٦٫٥٩ | ٠٫٧١ | ٠٫١ | ٠٫١٣ | ٠٫٧ |
| نەینەوا | ٩٤٨٠٤٢ | ١٤٠٥٤١ | ٧٩١٠٧٣ | ٩٤٦٠ | ١١٠٣ | ٩٢ | ٢٤٩٢ | ٣٣٨١ |
| ٪ | ١٠٠ | ١٤٫٨٢ | ٨٣٫٤٤ | ٠٫٩٩ | ٠٫١٢ | – | ٠٫٢٦ | ٠٫٣٦ |
| دیالا | ٣٠١٥١٨ | ٥٩٦٨٩ | ٢٣٢٦٢٤ | ٧٤٩١ | ٨٩ | ٦٥ | ٧١ | ١٤٨٩ |
| ٪ | ١٠٠ | ١٩٫٨ | ٧٧٫١٥ | ٢٫٤٨ | ٠٫٠٢ | ٠٫٠٢ | ٠٫٠٢ | ٠٫٤٩ |

* کاکڵەی تابلی ٤

## عارەب

هەبوونی عارەب لە سلێمانی و بە ژمارەی نزیکەی ٣٨ هەزار کەس بە تەواوی سەیر و سەمەرە ئەوەندەی بۆ کورد دوو ئەوەندەش بۆ عارەب خۆیی. لە هیچ دەورێک و لە هیچ زەمانێک نەزانداوە، کەسێک یان خێزانێکی عارەب، نەوەکو هەر بە ئەسڵ، بەڵکو بە باوانیشی، خەڵکی سلێمانی بوو بێ. کە بە دووایی هۆیەکانی ئەو ژمارە زۆرەی عارەب دەگەڕێن ئەوە لە دوو خاڵاندا دەیان بینیەوە : ١) مۆڵدانی هەزاران سەرباز، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی شار بەو جۆرەی کە لەگەڵ سیاسەتی

بەعـارەباندن بگونجێ، برینی پەیوەندی و پشـتگرتنی لەگـەڵ پێـشـمـەرگـەدا. ٢) پەیرەوکردنی سەرژمێری کاری لە تۆمارکردنی دانیشتوان. وەلێ ئەو دیاردە لەگەڵ تێکشکانی دامودەزگای عێراق لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا لە بەین چوو.

## تورکمان

ژمـارەیێک، وەلێ بە گوێرەی ژمـارەی نەتەوەکـانی دیکە، زۆر کـەم، لە تورکـمـان لە سلێـمـانی دەژی. ئەگـەر لە سـاڵی ١٩٥٧دا هـەر ٣٦٦ کـەس بوو، ئەوە ئەورۆکـە ٨٤٥ کـەس بوو، واتە دوو بەرابەر. پێم وایە ئەگـەر ناچاری و کـاری راسپێردراو نەبوونایە ئەوە تورکـمـانەکـان بۆ حـەوانەوەیان شـوێنی دیکەیان هـەڵدەبژارد. لەبـەر هـەست و بیری نیگەتیڤانەیان بەرامبەرئەوەیی پێی دەگوترێ کورد و کوردستان.

## سریان

هـەبوونی سریان (کلدان، ئاسوری) لە سلێمانی نامۆ نیە. ئەوان لە مێژە لێروکانە دەژین و تێکەڵاویان لەگەڵ دراوسێیەکانیان باشە. ئەورۆکـە ٤٣٨ کـەس لە نێوان دانیشتوانی سلێمانی، بە پێی زانیاریی فەرمانی، سریانین.

## ئەرمەن

سـەرژمـێری دانیـشـتـوانی عـێـراق ئامـاژە بە هـەبوونی ٥٠ ئەرمـەنی لە نێـوان دانیشتوانی سلیمانی دەکات. هەن، بۆیێ ناویان هاتووە، وەلی ئەوەندەن ئەوەندە نین ؟ من، لەبەر ئەوەیی هیچ دەکـۆمـینتـێکی دیکەم، لەبەردەست نیـە، ناتوانم ژمـارەکـە پشت راست بکەم.

## هیدیکە

لە نێو دانیشـتوانی سلێـمانی ٢٦٥٥ کـەس ئینتیمـای نەتەوەیی یان بزرە. شتی لەوبابەتە لە ئەنجـامی تێکەڵاوبوون و دابڕان دوور نیـە. یانیش پێی وابووە بە ئاشکراردنی خۆیی، خێری پترە. وەلێ ژمارەکە لە چاو هی ساڵی ١٩٥٧ کەمێک لە ٧ کەرەت زیاترە. ئەوەش نیشانەی ئاڵۆز بوونی باری سیاسی و بێ پرینسپی خەڵک دەگەینی.

# ئەستانی هەولێر

پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوانی هەولێر ئەوەندەی سلێمانی ساف نیە. وەلێ بە لەبەر یەک راگرتن لەگەڵ ئەستانەکانی دیکەی باشووریی کوردستان یەکجار سافە. هەبوونی ژمارەیێک لە غەیری کورد، بۆ نەخشەی گشتی پێکهاتەی دانیشتوان، لەنگی نیە. ئەوە لە لاییێکەوە، لە لاییێکی دیکەوە ژمارەی نەتەوە غەیرە کوردیەکان سەنگایی خۆیان هەیە.

## کورد

نەتەوەیی دەست باڵا لە نیو دانیشتوانی هەولێر کوردە. ئەگەر ئەو دیاردە بکرێ بە پێوانە بۆ بەراوردکردن لەگەڵ پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ئەستانەکانی دیکە، ئەوە هەولێر یەک لە پایە بەرزەکان دەگرێ و لە دووایی خۆیی دهۆک، کەرکوک، نەینەوا و دیالەی دەبێنی. کورد لە هەولێر هەمیشە هەر زۆرینە بووینە. بە نموونە لە ساڵی ١٩٥٧ - ٨٩٪، ساڵی ١٩٦٥ - ٨٥٪ وەلێ لەمەو دووا، لەبەر ئالوگۆڕی سیاسی، مەترسی لە کەمبوونی رێژەکە دەکرێ.

## عارەب

بەشێک لە دانیشتوانی هەولێر بە نەتەوە عارەبن. رێژەیان لەسەرجەمی دانیشتوان بەردەوام لە زیاد بوون دایە. بە نموونە، دینامیکی رێژەکە لەو ساڵانەیی دووایی بەو شێوە بوو : ساڵی ١٩٥٧ - ٦,٦٪ و، لە ساڵی ١٩٦٥ - ١٣ ٪ واتە نزیکەی دوو بەرابەر. ئەوەش لە ئەنجامی مۆڵکردنی سەربازی عێراق، نیشتەجێکردن، پەرینەوەی عارەب لەو بەری زابی گەورە (خاکی عێراق) بۆ ئەم بەرە (خاکی باشووریی کوردستان) و نیشتەجێ بوونیان، خزینی ژمارەیێک خیزانی عارەبی موسڵاوی و دەوروبەری بۆ شاری هەولێر و هیدیکە.

## تورکمان

ژمارەیێک لە خەڵکی هەولێر لە وەڵامی پرسیاری ناو لێستی سەرژمێری

دانیشتوانی ساڵی ١٩٧٧ وەکو هی ئەوانەی پێشوو هەولێری «تورکمانی» یان گوتووە. بەو زمانە لە نێو خۆیان چی لە ماڵەوە و چی لەدەرەوە دەدوێن. ئەگەر چی هەولێری لە ناوەرۆکەوە بۆمن مانای ئینتیمای نەتەوەیی نابەخشی و پێم وایە زیاتر مانایی شارستانی «دانیشتوویی شاری هەولێر» دەگەینی هەر ئەو مانایەشی بۆمن هەیە. وەلێ بۆ هەندێک کەس، مەبەست تورکمانیتی با بە ئەسڵیش کورد بووبێ یان زمانەکەی لە ئەنجامی ئیشکردن لە دایرەکانی فەرمانی سەردەمی عوسمانییەکان فێری بووبێ و بووە بە زمانی خێزان و هەتاکو ئەورۆکە لەسەری دەڕۆن. خێزانی وام دیتووە ، دایکەکە لە گەڵ سێ منداڵی سکی خۆیی بە کوردی و لەگەڵ سێیەکەی دیکە بە هەولێری دەدوێ.

## سریان

هەندێک لە ناوچەکانی هەولێر هەر لە کۆنەوە زیدی سریانەکان بووە. کەوابی دانیشتوانەکانیان وەکو کورد کوردستانی بووینە. سەنگایی ژمارەیی و ڕێژەیان، بە پێی باری سیاسی سەردەمی ناونووس کردن دەگۆرێ. بە نموونە، ژمارەکە لە ساڵی ١٩٥٧ – ٧ هەزار کەس و، لە ١٩٦٥ – ٥ .١ هەزار کەس و، لە هی ساڵی ١٩٧٧ – نزیکەی ٩ هەزار کەس بوو. ژمارەکان، لەبەر ئەوەیی زۆریان بە عارەب ناونووس دەکەن، جێگەی متمانە نینە.

## ئەرمەن

دانیشتوانی هەولێر ژمارەیێک لە خەڵکی تێدایە بە نەتەوە ئەرمەن. وەلێ ژمارەیان ئەوندە نیە بۆ ئەوەی لەگەڵ هی نەتەوەکانی دیکە لەبەر یەک رابگیرێ. هەرچۆنێک بێ ژمارەیان ١٠٩ کەس بوو. وەلێ لە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥دا ١٢٢ کەس بووە.

## هیدیکە

کەسانێ کە نەتەوەیی خۆیان نازانن و ئەوانەی هی خۆیان ئاشکرا نەکردووە، ئەوجا لەبەر هەر هۆیێکی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری و سیاسی بێ، ئەوە لە ناو دانیشتوانی هەولێر هەیە و، ژمارەکەشیان ٢١٩٨ هەزار کەس بوو. ژمارەکە نزیکەی ٣ کەرەت لە چاو هی ساڵی ١٩٥٧ زێترە و کەمێک لە هی ساڵی ١٩٦٥ کەمترە.

# ئەستانی کەرکوک

دانیشتوانی ئەستانی کەرکوک، لە هەمان ئەو نەتەوانە پێکهاتووە، کە دانیشتوانی ئەستانەکانی دیکەی باشووریی کوردستانیان، پێکهیناوە. وەلێ ژمارەی نەتەوەکان و، بە تایبەتی هی کورد و عارەب، لە لایەن عێراقەوە، بە دەستی ئەنقەست نەوەکو هەر دەست کاری دەکرێ، بۆ بەرژەوەندی دووەمیان، بەڵکو وایان لێکردووە گەیاندوویانەتە هی یەکەم و لە هەندێ ناونووس کردنیشان دا رەتیان کردووە. لەبەر ئەوە ژمارەکان لە راستیدا، ئەو ئاوێنەیە کە سیاسەتی شۆڤینیانەی عێراقی، لەو ئەستانەیی باشووریی کوردستانی، تێدا دەبیندرێ. لەبەر ئەوە بە هیج جۆرێک نابێ بە راست بزاندرێن و بۆ هەر کارێک پشتیان پێ ببەسترێ. مخابن نە من و نە کەسی دیکەی وەکو من، ئەورۆکە، لە باری دانیە ناونووسیێکی دوور لە عێراق بۆ ئەوە ئەستانەیی باشووریی کوردستان ئەنجام بدات. دامودەزگای ئاماری حکومەتی هەرێمیش تەمەن درێژ بن. ئەوەیی لە ژێرەوە کراوە، لە هەڵسەنگاندنی زانیاریی ناونووسکردنەکان، بەوە لاوە، شتێکی دیکە نیە.

## کورد

بە پێی زانیاریی ئامارییەکانی « سەرژمێری نەتەوەیی دانیشتوان »، لە ساڵی ١٩٧٧ دا نزیکەی دوو لە پێنجی (٣٩٪) سەرجەمی دانیشتوانی ئەستانی کەرکوکی کوردستانی کورد بوو. بەو شێوە بە ٩٪ کەمتر لە هی ناونووسکردنی ساڵی ١٩٥٧ و، ٣٪ لە هی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥. بە ئاسانی دەکرێ ، لەسەر بنەمای سیاسەتی شۆڤینانەی عێراق، رێژەکەیان بە روو دابدرێتەوە.

## عارەب

ژمارەی عارەب و دووابەدووای رێژەیان، وەک لە « سەرژمێری نەتەوەیی دانیشتوان» هاتووە، لە چاو هی گشت نەتەوەکانی دیکەی ئەستانی کەرکوک زۆرترە. وەلێ هەر بایی شان دانەبەرێک ماوە بگەنە ئەو پایەیی کە بە تەنیا نیوەی دانیشتوانی ئەو ئەستانەی باشووریی کوردستانی پێکبهێنن. ژمارەیی عارەب لە

زیادبوونێکی ریسک دایە. نەخشەکە لە بیست ساڵی رابردوودا(١٩٥٧ – ١٩٧٧) لە ١١٠ هەزار کەس گەیشتە ٢٤٧، واتە ١٣٧ هەزار کەسیان زیاد کردووە. ئەگەر زیادەکە بکرێ بە رێژە ئەوە ئەوها دەردەچێ : ساڵی ١٩٥٧ – ٢٨٪ و، لە ساڵی ١٩٦٥ – ٣٩٪ و، لە ساڵی ١٩٧٧ – ٤٣٪ لە سەرجەمی دانیشتوان دا. واتە لەو ماوەدا ١٥٪ یان زیادکردووە. کەچی ژمارەیی کورد هەر لە ماوەدا لە ١٨٨ هەزار بۆ ٢٢٠ هەزار کەس هەڵکشا واتە ٣٢ هەزار کەسیان زیاد کردووە ئەوەش٣, ٤ کەرەت لە هی عارەب کەمترە. ئەوەش لە ئەنجامی سیاسەتی بە عارەبکردنی ئەستانی کەرکوک بووە. دەنا فاکتۆریێکی دیکە لە گۆڕێدا نە بووە. هەموو لایێکیش ئاگادارین کە لەو ماوەدا نە ژنی کورد لە سک کردن وەستاوە و نە ژنی عارەبیش بە ٥ , ٤ مانگ منداڵی بووە. زانستی دیمۆگرافیاش هێشتا نەیبیستووە نەتەوەیێکی بە ژمارە کەمتر، ئەگەر کۆچکردنی دەرەوە نەبێ، لە حاڵەتی ئەستانی کەرکوک نیشتەجێکردنی عارەبی عێراق، لە هی نەتەوەییێکی بە ژمارە زۆرتر هەرچەندی لە ژیانییێکی خۆشیش دابێت ئەوەندە خێرا زیاد بکات.

مەرامی عێراق، لە ئەستانی کەرکوک، بە زۆرەملی دروستکردنی هەقی» **مێژوو»** یی بۆ عارەب و دابڕانیتی لە بەشەکانی دیکەی تریتۆری باشووریی کوردستان دایە. مخابن سەد مخابن ئیمەیی کوردستانی بە دەستی خۆمان خوازەکەمان بۆ عێراق گەیاندە جێ.

مێژوو هەبوونی دانیشتوان لە ئەستانی کەرکوک بە ئەسڵ عارەب رەد دەکاتەوە. وەلێ پشتگیری لە هاتنی ژمارەییێک لە رەوەندەکانی عارەب، بە مەبەستی لەوەڕاندنی مەروماڵاتیان لە دەشت و دەرەکانی ئەستانی کەرکوک و ناوچەی دیکە باشووریی کوردستان دەکات. کەوابێ مێژوویی هەبوونی عارەب لەو ناوچەدا هەر تازەتازەیە. ئەوەش هەقی ئەوەیان پێ نادات وەکو هاووڵاتێکی بە ئەسڵ کوردستانی مامەلەیان لەگەڵ بکرێ.

## تورکمان

یەک لە نەتەوە گەورەکانی ئەو ئەستانەیی باشووریی کوردستانە. پایەیی سێیەمینیان، وەکو ئەورۆکە ئەوهاش لە رابردوودا، لە نێوان دانیشتوان دا هەیە.

ڕێژەیان، لەبەر بە عارەبکردن و کۆچپێکردن، لە جیاتی زیاد بکات کەم دەکات. بە نموونە، لە دوو دە ساڵی رابردوو ٥٪ یان (ساڵی ١٩٥٧ – ٢٢٪، ساڵی ١٩٧٧ – ١٧٪) کەم کردووە.

## سریان

ڕێژەی ئەو نەتەوەی ئەستانی کەرکوک لە زیاد بوون دایە. ئەگەر ڕێژەیان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا لە دەوروبەری ٤,٠٪ بوو بێ ئەوە دووایی بەسەرچوونی بیست ساڵ، واتە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا گەیشتە ٧,٠٪ ، واتە نزیکەی دوو بەرابەر. لەم بارەوە لە کورد و تورکمان بەختەوەرترن. وەلێ من پێم وایە، نابێ ڕێژەی دووەم لە نادروستی بە دوور بێ. لەبەر ئەوەیی ئەوەیی عێراق بە کورد و تورکمانی کردووە بە وانیشی کردووە.

## فەیلی

ژمارەیێکی کەم لە دانیشتوانی ئەستانی کەرکوک، فەیلی بووە. ئەوان تەنیا، لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا لە نێوان دانیشتوانی کەرکوک ناویان هاتووە. ئەوەش مانایی وایە یا ئەوەتە لەو بیست ساڵەیی دووایی بۆ ئێرە هاتوون یانیش تازە، وەکو هی ئەستانەکانی دیکە، لە کوردەکانی دیکە جودا کراونەتەوە.

## هیدیکە

ئەگەر سەرژمێری نەتەوەیی دانیشتوان هیمای بە هەبوونی ٤ هەزار کەسی نەتەوەیی دیکە کردبێ ئەوە سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی ١٩٥٧ ئاماژەی بە نزیکەی ٧ هەزار کەس و هی ساڵی ١٩٦٥ بە ١٥ هەزار کەس دەکات. واتە نزیکەی ١٪ گشتی دانیشتوان، یان بە خۆیان نەتەوەیی خۆیان ئاشکرا نەکردووە، یانیش «عارەب بە نەتەوە » یان پێ زیاد نە بینیوون. دەنا نابێ شتێکی دیکە لەوەی گوترا لە گۆڕێدا هەبێ.

# ئەستانی دهۆک (*)

پێکهاتەیی نەتەوەیی دانیشتوانی دهۆک ئەگەر چی ئەوەندەیی هی سلێمانی و هەولێر یەک رەنگ نیە. لەگەڵ ئەوەشدا بە یەک لە ئەستانە خاوێنەکانی باشووریی کوردستان دادەندرێ. هەر یەک لە نەتەوەکان بای خۆی ژمارەیان هەیە. زیاد وکەمکردنی رێژەی نەتەوەکان، بە گشتی، لە دەساڵی رابردوودا، گۆڕینێکی یەکجار کەمیان بەسەر داهاتووە.

## کورد

یەکەم پایە بە ژمارە و رێژە لە نێوان دانیشتوانی ئەستانی دهۆک کورد بە نەتەوەیی دیکەی نەداوە. هەروەها زانیاریەکانی ئاماری کەمێک زیاد بوونی رێژەیانییشی لە دەساڵی رابردوودا تۆمار کردووە. بە نموونە، رێژەکە لە ٧٣٪ (ساڵی ١٩٦٥) بوو بە ٧٦٪ ( ساڵی ١٩٧٧). کەوابێ زێدە بوونەکە ٣٪ بوو.

---

*) دروستکردنی ئەستانی دهۆک، هەر دەم یەک لە داواکاریەکانی شۆڕش، لە عێراق، بووە. هەر دەمیش پەسند نەکراوە و بە رێگە خۆشکردن بۆ جودابوونەوە، لە قەڵەم دراوە. لە راستیدا، لەو کێشەیەدا، نە عێراق هەستی بە قازانجی خۆی دەکرد، و نە کوردیش هەستی بە زیانی خۆی دەکرد. ئاخرەکەی ئەوان پێ حەسیان و لیوایی دهۆکیان، بە پێی مەرسومی کۆماری ١٠٦٦ رۆژی ١٧ ئەیلولی ساڵی ١٩٦٩ لە قەزایەکان، کە پێش ئەو داتە (date) سەر بە لیوایی موسڵ بوون، دهۆک، زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ، دروستکرد. وەلێ باری ئیداری قەزای ئاکریان بە کردەوە دەستکاری نەکرد. واتە لە ژێر دەسەڵاتی ئیداری لیوای موسڵیان دەرنەهێناو و نەیان خستە ژێر باڵی لیوای دهۆک. ئاخرەکەی بە پێی بریاری نمرە ٥٢٩ رۆژی ١٥ نیسانی ساڵی ١٩٨٠ دەنگدانی نهێنیان تێدا ئەنجام دا و بە پێی بریاری نمرە ٧٥٧ رۆژی ١٨ مایسی ساڵی ١٩٨٠ خرایە سەر ئەستانی نەینەوا. دابڕاندنی قەزا، ناحیە، دێستان لەم یەکە ئیداریە و لکاندنی بەو یەکە ئیداریەوە، کارێکی ئاسیاییە. وەلێ لە عێراق، بە مەبەستی داگیرکردن و تەعریب کردنە. دەنا ئاکرێ چی لە موسڵ و چی لە دهۆک سەرپەرشتی بکرێ بۆ ئێمە یەکە. لەبەر ئەوەیی موسڵیش وەکو ئاکری خاکی کوردستانە.

## عارەب

نەتەوەیێکی دیکەی بە ژمار و رێژەی زۆری لە نێوان دانیشتوانی ئەستانی دهۆک عارەبە. رێژەکەشیان لە دە ساڵی پێش ئێستاکە ٤٪ زیاد کردووە (ساڵی ١٩٦٥ – ١٢٪ و لە ساڵی ١٩٧٧ – ١٩٪). هۆکارەکەی دەگەرێتەوە هەم بۆ نیشتەجێکردنی عارەب و هەمیش بۆ مۆڵدانی سەربازی عێراق، بە تایبەتی لە لایی پردی خابور، بە مەبەستی کۆنترۆل کردنی خەتی هاتووچۆی نێوان تورکیا، کوردستان و عێراق.

## سریان

بارستایی ژمارەی سریانەکان لە نێوان دانیشتوانی ئەستانی دهۆک، تورکمانەکانی بۆ پایەیی پێش ئاخر پاڵ ناوە. کەوابێ نەتەوەیی دووایی کورد و عارەب لێرەدا، نە وەک هی ئەستانەکانی دیکە تورکمان بێ بەڵکو سریانە. ئەوەش دەگەرێتەوە سەر ئەوەیی زۆربەی سریانەکانی باشووریی کوردستان لە دێر زەمانەوە ناوچەی دهۆک شوێنی ژیان کردنیان بووە. ژمارەیان بە تەواوی نازاندرێ و زانیاریی ئاماری سەرچاوە فەرمیەکانیش دژ بە یەکن. بە نموونە، ساڵی ١٩٧٧ ژمارەیان ١٢ هەزار کەس بوو. لە ساڵی ١٩٦٥ – ١٠ هەزار کەس. واتە ٢ هەزارکەس کەمی کردووە.

## ئەرمەن

ژمارەیێک لە دانیشتوانی ئەستانی دهۆک بە زمان و بنەچە ئەرمەنە. ژمارەکەیان ئەگەر چی لە هی نەتەوەکانی باسکراو زۆر کەمترە ولێ لە هی تورکمان زۆرترە. بەوشێوە خانەی چوارەمیان لە نێو دانیشتوان دا گرتووە. ژمارەیان، لەبەر ناتەواوی سەرچاوە فەرمانیەکان، لە زیادوکەمی دایە. بە نموونە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ باسی ١٤٨٤ ئەرمەنی کردووە کەچی هی ساڵی ١٩٧٧ تەنیا ئاماژەی بە هەبوونی ٨٨٥ کەس دەکات.

## تورکمان

کەمینە نەتەوەیی هەرە بچووکی ئەستانی دهۆک، تورکمانە. ژمارەیان لە چاو هی ساڵی ١٩٦٥ دوو کەرەت و نیو لە کورتی داوە. واتا لە ١٧٣٠ کەس کەمیان کردووە بۆ ٤٩٨ کەس. ئەوەش بە مەزندە دەگەرێتەوە بۆ دەرچوونیان لە ئەستانی دهۆک دا.

## فەیلی

باسکردنی فەیلی لە ئەستانی دهۆک، لەبەر ژمارە کەمیان، ئەوەندەیی نایینی. هەر چۆنێک بێ لە نێ دانیشتوان دا ٤٣ فەیلی هەیە.

## هیدیکە

کەسانی نەتەوە نەدیار و نەزاندراو لە ئەستانی دهۆک نیو ئەوندەیی هی ئەستانەکانی دیکەیی باشووریی کوردستان نین. لێرەدا تەنیا ٧٣٧ کەس لەو کاتیگۆریەن. پێدەچی مەترسی کەمتر بێ و خەڵکیش بە ئاشکراکرنی ئینتیمای نەتەوەیی سەر ـ بەرزە.

# ئەستانی نەینەوا

پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوانی ئەو ئەستانەیی باشووریی کوردستان، لە روویی ژمارە و رێژەی نەتەوەکان لە سەرجەمی دانیشتوان دا، لە هی ئەوەیی کەرکوک دەچێ. وەلێ لەگەڵ هی هەولێر، سلێمانی و دهۆک جودایە. تەتڵەکردنی زانیارییەکانی ئاماری رێگەی ئەوە دەدات کە وەسپی ئەو دیاردە بە ئاڵۆز و هەمە چەشنە بکرێ. ئەورۆکە ئیتنۆسی عارەبی زاڵە، ئەوەش لە ئەنجامی هاتنی شەپۆل لە دووایی شەپۆلی عێراقیان – عارەبی نیشتەجێ و ڕەوەندەکانی جەزیرە – دروست بووە. بە نموونە، نووسەریێکی بە چاوی خۆیی دیتوو، شەپۆلی ساڵی ١٩٣٦مان بەو شێوە بۆ وەسپ دەکات و دەنووسی « عەشیرەتی شەمەر چاری نەما هاتە ناو ناوچەکانی کوردان لە لیوای موسڵ کە کەمتر [تووشی] وشکایی ببوو، ئەو حالەتە ئەوەندەی نەمابوو ببیتە قەومانی رووداوی خوێنانی ئەگەر تەدبیری ئیداری نە بووایە کە لە رۆژی خۆیی گیراو، و هەروەها دانی کرێیەکی گونجاو بە خاوەنی ئەو زەویانە» **(٦، ل ...)**. من پێم وایە سەرچاوەیی شەپۆلی عارەب بۆ ئەو ئەستانەیی باشووریی کوردستان تەنیا عێراق نیە بەلکو هەروەها، لەسەر بنەمای پەیوەندی عەشیرەتی، بازرگانی، خزمایەتی، چاوپۆشین لە بەزاندنی سنوور، ئارەزوویی دەوڵەت، بادیەیی رۆژهەڵاتی سوریا و باکووریی عارەبستانی سعودیەشە. بە دڵنیایەوە دەڵێم باوو باپیرانی بەشێکی زۆر لە عارەبەکانی ئەستانی موسڵ پاشەرۆکی ئەو جۆرە خۆتێکردن و کۆچکردن و نیشتەجێکردن بووینە.

ئێمـه، دوو هەڵەیی مێژوویی گۆشـەندمـان بەرامـبـەر ئەو یەکە ئیداریەیی باشـووریی کـوردسـتـان، کـردووە. هـەڵەی یەکـەم : لە شـێـسـتـەکـان داوایی، تۆ زەینیدێ ؟! « جـوداکـردنەوەیی قـەزایەکـانی کـوردی لە لیـوایی مـوسڵ » کـراوە. لە خـاکی کـوردسـتـانیـان جـودابکەنەوە ؟! دەنا شوێنێکی دیکە شک نابەم ؟. گـەلۆ دەبووایە داوایی جوداکرنە ـ وەی قەزایەکانی عارەبی وەکو ئەلبەعاج، ئەلحەزەر و شـەرقات – ئەلحـەق ئەو سێ قـەزایە عـێراقین – بکرێ. هەڵەی دووەم : دەزگای زانسـتی بەرزی کوردسـتان وەکو زانکۆ و، هەندێک شارەزایی پایەبەرز لە نووسینەکانیاندا، ئەگەر چی پشـتگیری لەوەیی یەکەم ناکـەن، وەلێ بە ناهەق تەواوی قـەزای مـوسـڵـیـان پێ کوردسـتـان نیە. قـەزای مـوسڵ، جگە لە ناحیـەکانی حـەمـام ئەلعلیل و ئەلمحلـەبیـە، کوردسـتانـە و بەڵگەی مێژوویش بۆ ئەوە زۆرن. من لێرە لەبەر ئەوەیی لە باسـەکـەیی خـۆم زۆر دوورنەکـەومـە ـ وە باسـیـان ناکـەم. پێویسـتـە پاشـەکـزە، لەو نا هـەقیـەی بەرامـبـەر بە قـەزایی مـوسـڵی کـوردسـتـانی کـراوە، بکرێ. سـیـاسـەتمـەدارانیش لە رۆژنامـە، گـفـتـوگـۆیی رۆژنامـەوانی و تەلەفـزیۆن، لەبەر خـاتری خـاتران، جـیـدیکە مێژوویی لێڵ نەکەن.

## کورد

رێژەی کـورد لە نێـوان دانیـشـتـوانی نەینەوا لە کـەمی، وێنەی لە ئەسـتـانەکـانی دیکەیی باشـووریی کـوردسـتـان نیـە. رێژەکـە نزیکەی دوو کـەرەت و نیـو لـە هـی کەرکوکیش کەمترە. بۆ بەراوردکردنیش لە گەڵ هی سلیمانی، هەولێر و دهۆک نابێ. سـەرەڕایی ئەوە لە کورتیش دەدات. بە نموونـە، ئەگەر لە ساڵی ١٩٥٧دا نزیکەی ٢٢٪ بوو بێ ئەوە لە سـاڵی ١٩٦٥دا لە دەوروبەری ١٥٪ و لـە هـی سـاڵی ١٩٧٧یش دا لە ١٥٪ کەمتر. فاکتۆری ئەو حاڵەتە لە ناونووسکردنی هزاران کوردی بە ئایین ئێزیدی و ژمارەیێک لە کوردی بە عەقیدە شەبەک، بە عارەبە.

## عارەب

زۆربەی هـەرەزۆری دانیـشـتـوانی ئەسـتـانی باسکراو بە بنەچە عارەبن. ئـەورۆکە رێژەیان، لە سایەیی نیشتەجێکردنی هەزاران ڕەوەندی عارەبی ناوچەی جەزیرە و راگوێزانی ژمارەکیـان بۆ شـاری مـوسڵ و دەوروبەی، هەروەها هاتنی ژمارەیێک لە

دانیشتوانی شارەکانی عێراق، لە سەروویی ٨٣٪ سەرجەمی دانیشتوانە. ئەوە لە چاو هی ساڵی ١٩٥٧ نزیکەی ١٣٪ و، لە هی ساڵی ١٩٦٥ – ١٨٪ زێترە. واتە زیاد بوون کەراکتەریانە.

### تورکمان

بەشێک لە دانیشتوانی یەکەی ئیداری باسکراو، بە رەچەڵەک تورکمانن. رێژەیان، چی لە رۆژانی ئەورۆکە و چی لە هی رابردوو لە ١٪ سەرجەمی گشتی دانیشتوان تێ نەپەریووە. سەرەرایی ئەوەش، رێژەکەیان، ئەورۆکە، کەمۆکەکیش لە کورتی داوە. لەبەر ئەوەیی بەشێکیان عارەبیان کردووتە زمانی خۆیان و هەڵبەتە ئەوەیی بەو زمانەی قسان بکات و لە خاکی عارەب بژی عارەبە با نەشی زانیبێ.

### سریانی

ژمارەیێکی کەم لە سریانەکان نەبێ، دەنا ئەوەیی دیکە بە خواستی خۆیی یانیش بە خورتی بە عارەب ناو نووسکراون. با هەر لەسەر ئاینی پیرۆزی حەزرەتی عیسا بن. کەوابی رێژەیان لە ٧٪ (ساڵی ١٩٥٧ – ٤٦١٧٥ کەس) بۆ دەوروبەری ١ ,٠٪ (ساڵی ١٩٧٧ – ١١٠٣ کەس) دابەزیوە.

### فەیلی

ئەستانی نەینەوە، ئەورۆکە، شوێنی سەرەکی مۆڵ دانی کوردی فەیلیە لە باشووریی کوردستان دا . لێرە ژمارەیان، نزیکەی سێ کەرەت، لە هی ئەستانەکانی دیکە بەسەر یەکەوە زێترە. فاکتۆرەکەی هەر رەنگە لەبەر ئەوە بێ بۆ ئیش کردن ئەوەندەی شوێنەکانی دیکە سەخڵەت نەبن

### ئەرمەن

نزیکەی نۆهەت ئەرمەنی لە نیو دانیشتوانی ئەستانی نەینەوا هەیە. ئەوە لەچاو ژمارەیی نەتەوەکانی دیکە بە هیچ دەژمێردرێ.

**هیدیکە**

ژمارەیێک لە دانیشتوانی ئەستانی نەینەوا، رەچەلەکی خۆیان لێ بزرە. ژمارەشیان بە هەزار و دوو هەزار کەس لە هی ئەستانەکانی دیکەی باشووریی کوردستان زێترە. هۆیەکەشی بۆ زۆری دانیشتوانی ئێرە دەگەرێتەوە.

## ئەستانی دیالا

لێدوان لەو بەشەی تریتۆری باشووریی کوردستان، بە سەرناوی ئەستانی دیالا، نەوەک قەزای خانەقین یان مەندەلی، رەنگە بۆ خوێنەر جێگەی سەرسورمان بێ و بکەویتە پرسکردن. تۆ بلێی نووسەر ئاگاداری ئەوە نەبێ کە ئەو یەکە ئیداریە کوردستان نیە و بۆ دەبێ بەو ناوە باس بکرێ !؟. باش ئاگادارم. ئەوەیی من کردوومە لە هوشیار کردنەوە و راستکردنەوەی ئەو هەڵە میژینەیە کە من و تۆیی چەندین ساڵە، لەبەر نەزانی خۆمان، تێی کەوتووین، زێتر نیە. با بە ژمارە بۆ خۆمان روونی بکەمەوە. ئەستانی دیالا بە پێی دابەشبوونی ئیداری ساڵی ١٩٧٧ لە قەزایەکانی : باقوبە (٥ ناحیە)، دێلتاوە (خالس) (٥ ناحیە)، شارەبان (میقدادیە) (٣ ناحیە)، مەندەلی (٣ ناحیە)، کفری (٥ ناحیە)، خانەقین (٥ ناحیە) پێکهاتووە. ئەوانەی، بە بۆ چوونی من، کوردستان ئەوانەن : قەزای خانەقین (ناحیەکانی : مەرکەزی قەزای خانەقین، مەیدان، قۆرەتوو، قەرەخان، قزل رِەبات) قەزای کفری (ناحیەکانی : مەرکەزی قەزای کفری، جەبارە، سەرقەڵا، کۆکس، قەرەتەپە)، مەرکەزی قەزای شارەبان، مەرکەزی قەزای مەندەلی، ناحیەی بەلەدروز، ناحیەی قەزانیە، ناحیەی دەلی عەباس (مەنسوریە) **(*)**. پانتایی ئەو قەزاو ناحیەیانەی کوردستان ١٤٥٦٥ (٧٦٪) کچگ. ئەگەر ئەوەندەی لە سەرجەمی پانتایی ئەستانی دیالا کە ١٩٠٤٧ کچگ دەربینین ئەوە تەنیا ٤٨٨٢ کچگ (٢٤٪) بۆ عێراق دەمینێتەوە. کەوابێ سەرناوەکە لە پراکتیک دا تەواوە. خۆ ئەگەر بۆم بلوابایە، ناوی ئەستانی سیروان یان ئەلوەندم، لە بەشەکەی خۆمان، دەنا.

---

**(*** هەندێک شارەزا سێ ناحیەی دووایی لە تریتۆری کوردستان دەراویتین

### کورد

پایەیی دووەم لە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بە نسیبی کورد کراوە. ڕێژەشیان لە ٢٤٪ لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ ٢٠٪ لە ساڵی ١٩٧٧ هاتووتە خوارێ. واتە ٤٪ کەمی کردووە. ئەوەش لە بەر گواستنەوەی کورد لە قەزای خانەقین و نیشتەجێکردنی عارەب لە شوێنەکانیان و بە عارەباندنی قەزای مەندلی و شوێنی دیکە بوو.

### عارەب

ڕێگە بە هەموو جۆرێک بۆ ئەوەیی عارەب بگەنە پایەیی یەکەم لە نێوان دانیشتوانی دیالا خۆش کراوە. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجە زۆربەی ناوچەکان عارەبیان تێکردووە و کوردیان لێ دەربەدەر کردووە. لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە ڕێژەیان لە بیست ساڵی رابردوو (ساڵی ١٩٥٧ – ١٩٧٧) لە ٦٨٪ بۆ ٧٧٪ زیادی کردووە.

### تورکمان

دیالا دووایی ئەستانی کەرکوک شوێنی مۆڵی تورکمانەکانی باشووریی کوردستانە. زانیاری ئاماری سەرژمێرەکان دیاری دەخەن کە ڕێژەیان ٥٪ کەم کردووە. واتە لە ٧٪ (ساڵی ١٩٥٧) بووینە ٢٪ (ساڵی ١٩٧٧) سەرجەمی دانیشتوانی ئەستانی لێدواندراو. ئەوەش بە پلەیی یەکەم وەکو ڕێژەی کورد بۆ عارەباندن دەگەڕێتەوە.

### سریان

ژمارەیێکی زۆر کەم (٨٩ کەس) لە سریان لە ئەستانی دیالا هەیە. ئەوانە پێدەچێ فەرمانبەری دەوڵەت بن.

### فەیلی

ژمارەی فەیلیەکان، وەک لە سەرژمێری نەتەوەیی دانیشتوان هاتووە تەنیا ٧١ کەس بووە. گومانی گەورە لە ناتەواوی ژمارەکە دەکرێ، لەبەر ئەوەیی ئەستانی دیالا بۆ فەیلیان نامۆ نیە.

## ئەرمەن

بچووک ترین نەتەوە لە سەرجەمی دانیشتوانی ئەستانی دیالا، ئەوانەن. ژمارەیان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ هەموویی ٦٥ کەس بوو.

## هیدیکە

بە پێی ئامارەکانی سەرژمێری نەتەوەیی دانیشتوان، نزیکەی ١,٥ هەزار کەس لە ساڵی ١٩٧٧دا، لەبەر ئەوەی نەتەوەیان نەزانیوە، خراونەتە خانەی هیدیکە. ژمارەکە لە چاو هی ساڵی ١٩٥٧ نزیکەی ٤٠٠ کەسی کەمترە.

## بەشی سێیەم
## ژمارە و ڕێژەی
## نەتەوەکان لە سەرجەمی دانیشتوانی قەزایەکان دا

سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی ١٩٧٧ هێمای بە هەبوونی ٣٦ قەزا، لە تریتۆری باشووریی کوردستان دەکات. جودا بە پانتایی و ژمارەی گشتی دانیشتوان. قەزایەکان بە پێی کەم و زۆری ڕێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا بەو شێوە دابەش کرابوو : لە ١٢ قەزا لە نێوان ١٠٠ – ٩٠ بوو. لە ٧ قەزا لە نێوان ٩٠ – ٧٠ بوو. لە ٤ قەزا لە نێوان ٧٠ – ٥٠ بوو. لە ٤ قەزا لە نێوان ٥٠ – ٢٠ بوو. لە ٩ قەزا لە نێوان ١٠ و کەمتر بوو. ئاسانتر لە ٢٣ قەزا لە نیوە پتر بوو و لە ١٣ قەزا لە نیوە کەمتر بوو. واتە ٣٦٪ تریتۆری باشووریی کوردستان هەتاکو ئەورۆکە، لە لایەن عێراقەوە. تەعریب کرابوو.

کورد و عارەب، پایەیی یەکەم و دووهەم، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دەگرن. ڕوونتر کورد لە ٢٣ قەزایان لە پێش عارەب و، لە ١٣ دووای ئەوان دێ. تورکمان لە هیچ قەزایان شوێنی ئەم یان ئەو نەتەوە ناگریتەوە. هەندێ کەرەت لە پایەیی سێهەم هاتووە وەک لە هەندێک قەزایەکانی ئەستانی کەرکوک و نەینەوا، هەندێ کەرەتیش ئەو پایەیان بە سریان داووە و خۆیان بۆ پایەم چوارەم دابەزیون وەک لە چەند قەزای ئەستانەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک

شێکردنەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزایەکان دا، باشتر نەخشەی مۆڵی هەر یەک لە نەتەوەکانمان بۆ لە تریتۆری باشووریی کوردستان ڕوون دەکاتەوە لەوەی ئەستانەکان دا. وەلێ ئەندازەی تێروتە سەلەکەی دەوەستێتە سەر چەندە و چۆنیەتی مەتریالەکانی بەردەست. هەر چەندی زۆر بێ و باش بێ ئەوە باشتر لە ڕاستی نزیک دەبینەوە و بە پێچەوانە، چەندی کەم بێ و باش نەبێ دەرئەنجامەکانمانسەرپێی و ناتەواو دەردەچێ.

لەو بەشەی باسەکەمان، ئەوەندەی زانینی خۆم هەمە و ئەوەندەی سەرچاوەکانی بەردەستم ڕێم دەدەن، شوێنی هەر یەک لە نەتەوەکان لەسەرجەمی دانیشتوانی یەک بە یەک قەزایەکانی (سەر جەم ٣٦ قەزا) باشووریی کوردستان شێدەکەمەوە. بۆ ئەو مەبەستە تابلی ٣ و نەخشەی ٢دەخەمە بەرچاو.

## پشدەر

پێکهاتەی ئیتنی قەزای پشدەر زۆر سادەیە. نزیکەی سەرتاپی دانیشتوانەکەی کوردە. نەتەوەی دیکە هەیە وەلێ ژمارەیان ئەویش بەسەر یەکەوە ناگاتە ٢٠٠ کەس. قەزای ناوبراو جارێ بەبەر شالاوی بە عارەب کردن نەکەوتووە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، یەکەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## کۆیە

زۆربەی هەرە هەرە زۆری دانیشتوانی کۆیە، وەکو ئەوەیی پێشوو، کوردە. ژمارەی نەتەوەکانی غەیرە کورد بەسەر یەکەوە لە دەوروبەری ٥٠٠ کەسە. سیاسەتی بە عارەب کردن هێشتا ماوییتی خۆی بگەینیتە ئێرە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دووەمین پلەی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی بەر کەوتووە.

## چەمچەماڵ

سەرتاپی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (*) وەک قەزایەکانی پێشوو، کوردە. چەمچەماڵ بێ نەتەوەی دیکە نیە وەلێ ژمارەیان بەسەر یەکەوە لە ٧٠٠ کەس کەمترە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، سێیەمین پایە لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## رانیە

ئەوەندەی قەزایەکانی لە سەرەوە باسکراو، لە باری پێکهاتی ئیتنیەوە خاوێنە. دانیشتوانەکەشی جگە لە نزیکەی ١٥٠٠(زۆربەی هەرەزۆریان سەربازی عێراقین) نە بێ ئەوەی تری گشت کوردە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، چوارەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

---

*) پێش سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧، بە پێی مەرسومی کۆماری ٦٠٨ برواری ٦ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥، لە ئەستانی کەرکوک دایان بریوە و خراوتراوە سەر ئەستانی سلێمانی.

### هەڵەبجە

لە نێوان خەڵكی هەڵەبجە ئەگەر چی نزیكەی ٤,٥ هەزار نوێنەرانی نەتەوەی دیكە، بە تایبەتی عارەب (سەربازی عێراق) هەیە وەلێ پێكهاتەی ئیتنی دانیشتوانی وەك ئەوانی پێشوو خاوێنە. بە ریژەی كورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، پێنجەمین پلە لە نێوان قەزایەكانی دیكەی وڵاتی گرتووە.

### پێنجوین

پێكهاتەی نەتەوەی دانیشتوانی قەزای باسكراو، لەو پەری بێ لێلیە. نەتەوەی دیكە هەیە، وەلێ ژمارەیان بەسەر یەكەوە ناگاتە ٢ هەزار كەس. زۆربەشیان سەر ـ بازی عێراقین. بە ریژەی كورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، شەشەمین پایەی لە نێوان قەزایەكانی دیكەی وڵاتی گرتووە.

### سلێمانی

ئەگەر چێ عێراق زیتر لە ١٣ هەزار سەربازی خۆی لێرە مۆڵداوە، وەلێ زوڵاڵی پێكهاتەی ئیتنی پی لەنگ نە بووە. رێژەی كورد وەكو هی قەزایەكانی سەرەوە زۆر بەرزە. بە ریژەی كورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، حەفتەمین شوێنی لە نێوان قەزایەكانی دیكەی وڵاتی گرتووە.

### دوكان

ژمارەی نەتەوەی غەیرە كورد لە نیوان دانیشتوانی قەزای باسكراو لە ٢,٥ هەزار كەس كەمترە. كەوابێ پێكهاتەی نەتەوەیی وەك هی ئەوانی كە هەتاكو ئیستاكە باسمان كردوون، لەو پەری خاوێنی دایە.بە ریژەی كورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، هەشتەمین پلە لە نێوان قەزایەكانی دیكەی وڵاتی گرتووە.

### شەقلاوە

دانیشتوانی قەزای باسكراو، لە باری پێكهاتەی ئیتنیەوە، یەك رەنگە. جگە لە كورد ژمارەیێك لە عارەبی سەرباز و هەروەها نزیكەی ٢ هەزار سریانی بە زۆری كلدانی لە نێو دانیشتوان دا هەیە. بە ریژەی كورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، نۆهەمین پایەی لە نێوان قەزایەكانی دیكەی وڵاتی گرتووە.

## دەربەندیخان

نەتەوی جۆراوجۆر دانیشتوانی ئەو قەزایەیان پێکهێناوە. پایەی یەکەم لەبەر زۆری بە بەر کورد کەوتووە. پایەی دووەمیش بە نسیبی عارەب بووە. وەلێ رێژەی ئەوەی دووای لە سەرجەمی دانیشتوان یازدە کەرەت لە هی یەکەم کەمترە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دەهەمین پلەی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## ئاكرێ

گرنگترین خەسڵەتی پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوانی قەزای باسکراو لە یەک رەنگی دایە. رێژەی کورد زێتر لە ١١ کەرەت لە هی نەتەوەی یەکسەر دووای خۆی زێترە. عارەب بەو نیشانە لە پلەی دووەم دایە. نەتەوەکانی دیکە هەر یەکە بە پێی سەنگی رێژەی رێزیان بەستوە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، یازدەهەمین پایەی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## شارباژێر

زێتر نەوەد لە سەدی دانیشتوانی قەزای شارباژێڕ کوردە. بەو نیشانە بە یەک لە سافی ترین قەزای باشووریی کوردستان دادەندرێ. نەتەوەیی دووەم عارەبە. وەلێ رێژەیان کەمێک لە نۆ لەسەد کەمترە. نەتەوەکانی دیکە سەنگاییێکی ئەو تۆیان نیە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دووازدە هەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

قەزایەکانی کە لەمەو بەر شێکرانەوە (سەرجەم ١٢ قەزا) بە رێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دەکرێ بکرێن بە گروپێک. زاراوەیی (conventional) بە ناوی ناوچەی ئیتنی یەکجار یەک دەست (٩٠٪ و بەرەو ژوورتر). یەکە ئیداریەکانی ئەو گروپە، بە گشتی، کۆمپاکتی (compact) هەڵکەوتوون. دووانیان (کۆیە، ئاکرێ) نەبێ ئەوەیی دیکە گشتیان لە چوارچێوەی ئەستانی سلێمانی دان. واتە سیاسەتی بە عارەب کردنیان هێشتا نە گەیشتووتێ. عارەبەکانی ئەو قەزایانە سەربازی عێراق ـ ین، واتە بە مەبەستی نیشتەجێ بوون لێرە مۆڵنەدراون.

## هەولێر

پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوانی هەولێر یەک رەنگە. جگە لە ١٢٪ نەبێ ئەوەی دیکەی گشتی کوردە. نەتەوەکانی دیکە هەر یەکەی بە پێی سەنگایی خۆیی شوێنی لە پێکهاتەیی دانیشتوان گرتووە. بە نموونە عارەب دووەم و تورکمان سێیەم. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، سێزدەهەمین شەوێنی لە نێوان قەزایە ـ کانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## کەلار

زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی قەزای کەلار (*) کوردە. بەو شێوە دەکرێ وەسپی پێکهاتەی نەتەوەی ئێرە بە یەک رەنگی بکرێ. ژمارەیێک لە عارەبی نیشتەجێکراو و سەربازی عێراق لێرە دەژین. رێژەی نەتەوەکانی دیکە بەسەر یەکەوە لە دەوروبەری ١٪ سەرجەمی دانیشتوانە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، چواردەهەمین شەوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## ئامێدی

قەزاییێکی دیکەی زۆر خاوێنی باشووریی کوردستانە، لە روویی پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوانیەوە. زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان کوردە. ژمارەیێک عارەب وەلێ وەک سەرباز عێراقی لێیە. ئەوەیی بۆ مانان باڵکێش بێ هەبوونی ٥ هەزار سریانی بە هەموو نەتەوەکانیەوە. وەلێ هەبوونیان لێرە نامۆ نیە لەبەر ئەوەیی دانیشتوانی ئەسلی ناوچەکەن. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، پازدەهەمین پایەیی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

---

*) زۆرینەی کورد مەتیڤی یەکەم بوو بۆ دابرینی، بەر لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧، بە پێی مەرسومی کۆماری ٦٠٨ رۆژی ٦ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ لە ئەستانی کەرکوک و خستنە سەر ئەستانی سلیمانی.

## رواندز

شێکردنەوەی زانیاریەکانی لەمەڕ پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوان بۆمان دەری دەخەن کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان کوردە. نەتەوەی دووایان عارەبە. وەلێ سەربازی عێراقین لە سەربازخانەی رواندزی بە ناوبانگ بۆ خەڵکی ناوچەکە و سوپای عێراق. سریانی « فەلە» نەتەوەییێکی دیکەی ناوچەکەن وەلێ ژمارەکەیان لەوەی نووسراوە (٦٦١ کەس)، وەکو خۆم ئاگادارم، دوو سێ کەرەت زێترە. ئەوانە لە شەڕی دووەمی جیهان لە شوێنی دیکەی کوردستان ( ناوچەی ورمێ) لە لایەن ئیگلیزەوە بۆ ئێرە گوازراونەتەوە. نەتەوەیی دیکە هەن وەلێ ژمارەیان زۆر کەمە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، شازدەهەمین پایەیی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## زێبار

بنەچەی دانیشتوانی قەزای زێبار گشتی وەکو یەک نیە. وەلی ئەوە نە بوویتە هۆی لێلکردنی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی. زۆربەی هەر زۆری دانیشتوان کوردە. کۆنتینگێنتێکی گەورەی عێراقی (بە زۆری عارەب) لێرە مۆڵدراون. نەتەوەی دیکەی (بە تایبەتی سریانی)، وەلێ بە ژمارە کەم، لە دیرزەمانەوە دانیشتوی ئێرەن. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، حەڤدەهەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## دهۆک

سێ لە چواری دانیشتوانی قەزای دهۆک کوردە. چارەگەکەی دیکە زۆربەیان عارەب بە تایبەتی نیشتەجێکراو وەک ئەوانەی ناحیەی سێمێل بەشەکەی دیکە سریانی (ئاسوری) و هیدیکە. وەلێ ئەوانەی دووای لە جەنگی دووەمی جیهان لە لایەن ئینگلیزەوە لە شوێنی دیکەی کوردستان (ناوچەی ورمێ)، بۆ ئێرە گوازراونەتەوە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، هەژدەهەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

### چۆمان

ڕێژەی نەتەوەکان لە سەرجەمی دانیشتوان دا، زۆر لێک جودان. وەلێ ڕێژەی هەرە بەرز بەبەر کورد کەوتووە. دووای ئەوان عارەب ئەوجا نەتەوەکانی دیکە. بە هەق وەکو خۆم ئاگادارم، عارەبەکان دنکەکیان بە ئەسڵ خەڵکی ئەو ناوچە نینە. سەر لەبەریان سەربازی عێراقین. بە ڕیژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، نۆزدەهەمین پایەی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

قەزایەکانی کە لە سەرەوە باسمان کردوون، بە هەمان نیشانەی گروپی یەکەم، واتە ڕێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دەکرێ بکرێن بە گروپێکی دیکە زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی زۆر یەک دەست (٧٠ – ٩٠٪) . یەکە ئیداریەکانی ئەو گروپە کەمێک بڵاوە و لە چوارچێوەی ئیداری ئەستانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک هەڵکەوتوون. هۆی سەرەکی هەبوونی نەتەوەیی دیکە بە تایبەتی عارەب بۆ بنکەی هەمیشەیی سەربازی عێراق دەگەرێتەوە.

### مەخمور

زێتر دوو لە سێی دانیشتوانی قەزای مەخمور کوردە. سێیەکەی دیکە، ژمارەیێکی زۆر کەمی نەبێ، ئەویدیکەی عارەبی قەزایەکانی : شەرقات، حەزەر، بەعاج و هیدیکەن و لە لایەن عێراقەوە بە مەبەستی تەعریب لێرە نیشتەجێکراون. بە ڕیژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بیستەهەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

### زاخۆ

مۆڵی سەربازی عێراق و نیشتەجێ کردنی عارەب، هێشتا نەیتوانیوە زۆرینەی (دوو لە سێ) لە دەست کورد دەربێنی. عارەب ژمارەیان (زێتر لە ٢١ هەزار کەس) زۆر بووە. مەترسیان خستووتە سەر وەرسوراندنی پێکهاتەیی نەتەوەیی بۆ بەرژەوەندی عارەب و دووابەدووایی بە عارەب کردنی ئەو ناوچەی کوردستان. بە ڕیژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بیست و یەکەهەمین پایەی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## دووبز

راخستنی ژمارەی نەتەوەکانی قەزای دووبز لە پێشەخۆ نیشانی دەدەن کە رێژەی کورد کەمێک لە نیوەی دانیشتوان زێترە. رێژەی عارەبیش ئەوەندە نەماوە بگاتە ٤٠٪ سەرجەمی دانیشتوان. سیاسەتی بە عارەب کردن بە هەق کاری خۆی لە کەمکردنی کورد و زۆرکردنی عارەب لەو پەری بە دەست پاکی کردووە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بیست و دووهەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی ولاتی گرتووە.

## کفری

رێژەی کورد لەو قەزایەیی (*) باشووریی کوردستان دا هەندۆکەک لە نیوەی سەرجەمی دانیشتوان دا زۆرترە. رێژەی عارەبیش لە سەروویی چل لە سەدە و، هی تورکمانیش نزیکەی هەشت لە سەدە. ئەوەی دەمینێتەوە لە نێوان نەتەوەکانی دیکە بەشکراوە. ئەوەندە لێک نزیکی رێژەی دوو نەتەوەی یەکەم. ئەنجامی سیاسەتی بە عارەبکردنی کفریە کە بریتیە لە داماڵینی رەنگی کوردستانی و نیشتەجێکردنی عارەب.

قەزایەکانی لە مەو بەر، لەسەر نووسراو. بە هەمان نیشانەی گروپ یەکەم و دووەم. واتە رێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دەکرێ بکرێن بە گروپێکی دیکە زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی نیمچە یەک دەست (٥٠ ٪ – ٧٠ ٪) . یەکە ئیداریەکانی ئەو گروپە ئەگەر چی لێک دوورن وەلێ لە چوارچێوەیی ئیداری ئەستانی هەولێر و دهۆک نەترازراون. هۆی سەرەکی هەبوونی نەتەوەیی دیکە بە تایبەتی عارەب بۆ بنکەی هەمیشەیی سەربازی عێراق وکەمێک نیشتەجێ کردن دەگەرێتەوە.

---

*) بەر لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧، قەزای کفری، بە مەرسومی کۆماری ٦٠٨ برواری ٦ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ لە ئەستانی کەرکوک دابڕێندراو و خرایە سەر ئەستانی دیالا.

## توورخورماتو

سەرەتای نزم بوونی ڕێژەی کورد، بۆ ژێر پەنجا لە سەد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا بە قەزای تووزخورماتو (*) دەست پێدەکات. ڕێژەی کورد (٤٥٪) ئەگەر چی لە چاو هی عارەب (٣٥٪) و هی تورکمان (١٨٪) زێتر وەلێ بارتەقایی هەر دووکیان ناکات. ئەگەر بێتوو لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی دەوڵەتی عێراق هەڵبژاردن بکرێ، لەبەر ئەوەی عارەب و تورکمان لە دژی کورد دەبن بە یەک ، ئەوە دۆڕاندنمان مسۆگەرە. بە ریژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بیست و چوارهەمین پلەی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی وڵاتی گرتووە.

## کەرکوک

پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی قەزای کەرکوک ئالۆز و هەمیش لە گۆڕینی دایم دایە. ئەگەر بێتو ڕێژەی هەر نەتەوەیێک بە جودا سەیربکرێ ئەوە ڕێژەی کورد لە هی گشت نەتەوەکانی دیکە زێترە. نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٧٧دا بەو شێوە ڕیزیان بەست بوو : کورد – ٤ ، ٤٠٪، عارەب – ٥ ، ٣٨٪، ترکمان – ١٩٪ و هیدیکە و نەزان ـ ١ ، ٢٪ ئەگەر بە دیقەت زەین بدەینە ڕێژەی نەتەوەی یەکەم و دووەم ئەوە دەبینین ڕێژەی عارەب بە ئەندازەی ٩ ، ١٪ لە هی کورد کەمترە. جیاوازیەکە لە سەرژمێری دانیشتوا ـ نی ساڵی ١٩٦٥دا دوو ئەوەندە بوو و بریتی بوو لە ٤ ، ٤٪، واتە ڕێژەی کورد – ٨ ، ٣٤٪ و هی عارەب – ٦ ، ٣٠٪ بوو (سەرباری ٥). هۆکاری ئەو لێک نزیک بوونەوە، بۆ سیاسەتی نیشتەجێکردنی هەزاران عارەب، کۆچپێکردنی کورد، دەستکاریکردنی دابەشی ئیداری قەزا . ئەوەی دوواییی لە دوو ڕێگەوە ئەنجام دراوە. یەک، دابرینی ناحیەکانی کە زۆربەی هەرە زۆری کورد بوو، بە نموونە، پردێ. دوو، تەعریبکردن بە

---

*) سەرچاوەی فەرمی، بەمەبەستی شێواندن، بە دوورگرتنی لە کوردستان، بە تورک کردن و هەندێک شارەزای خۆمانی لە نەزانی و بێ خەبەری تووزخورماتو بەو شێوە : طوز، طوزخورماتو، دوزخورماتو دەنووسن.

بە پێی مەرسومی کۆماری نمرە ٤١ ڕۆژی ٢٩ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لە ئەستانی کەرکوک دابڕاندراوە و لەگەڵ چەند قەزای دیکە ئەستانی سەلاحەدینیان لێ دروستکراوە.

نموونە، قەرە حەسەن، شوان، داقوق. کێشەکە، لە زیادبوون عارەب و کەمبوونی کورد و نەتەوەکانی دیکەدا نیە. بەڵکو لە داگیرکردن و خۆکردن بە خاوەنی رەوایی خاکە. ئەگەر ئەوە نە بووایە هاتوون ئەوە هاتوون . باشووریی کوردستانیش، وەک هەر وڵاتێکی دیکە، لە کۆچکردنی دەرەوە بێ بەش نیە.

نەتەوەییێکی دیکەی قەزای کەرکوک ، تورکمانە. ئەوانە، بە رێژەیان لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دووایی کورد و عارەب هاتوون . وەلێ رێژەیان لە ٢٦٪ (ساڵی ١٩٦٥) بۆ ١٨٪ (ساڵی ١٩٧٧) دابەزیوە،. واتە ٨٪ لە ماوەی دە ساڵ دا کەمکردوە. تورکمان خۆیان بەرژەوەندی خۆیان لە خەڵکی دیکە باشتر دەزانن، وەلێ پێم وایە، پشتگیریکردنی عارەب لە زۆر شوێنان دا، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە دەسەڵاتەوە هەیە، لە شوێنی خۆی نیە. هەر نەبێ لەبەر ئەوەی مێژووی کۆنتاکتیان بە کوردەوە تەمەنێکی دوو سێ سەد ساڵەی هەیە و، لەگەڵ عارەب پەنجا ساڵێک دەبێ. ژمارەییێک لە سریان، ئەرمەن و فیلی، لە نێوان دانیشتوانی قەزای کەرکوک دا هەیە وەلێ رێژەیان بە سەر یەکەوە لە ١٪ کەمترە. بە رێژەی کورد بیست و پێنجەهەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی گرتووە.

## شێخان

گۆرینی شناسنامەی نەتەوەیی ئیزیدیەکان، لە کوردەوە بۆ عارەب و، کردنی زمان بە بنەمای دیاریکردنی نەتەوە، هۆکاری گۆرینی نەخشەی پێکهاتەیی نەتەوەیینە، لەو قەزایەدا. بەو شێوە رێژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، لە ٦٩٪ (ساڵی ١٩٦٥) هاتە سەر ٣٧٪ (ساڵی ١٩٧٧). واتە ٣٢٪ کەم کرد. هەر لەو ماوەش دا، رێژەی عارەب لە ٢٠٪ بۆ ٦٢٪ بەرز بوو. واتە ٤٢٪ زیادکرد. رێژەی نەتەوەکانی دیکە، لەبەر کەمیان، شایەنی باسکردن نیە. ئەگەر رێژەکان، وەک هەن، لەبەر چاو بگیرێن، ئەوە روخساری کوردستانییتی لەو قەزایەدا، تا رادەییێکی زۆر تەنک بووە بە رێژەی کورد بیست و شەشەهەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکەی گرتووە.

## خانەقین

قەزایی ناوبراو، زۆر بە توندی ، کەوتووتە بەر شێلاوی بە عارەب کردن. تا ئەو رادەیی هەبوونی کورد لە هەندێ ناوچان دا بۆ نیشتەجێکراوانی عێراقی، نامۆیە.

بەو شێوە ڕێژەی کورد، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، لە نێوان ساڵی ١٩٦٥ و ساڵی ١٩٧٧دا لە ٥٥٪ بۆ ٣٧٪ دابەزی (سەربارى ٥). واتە ١٨٪ کەم کردووە. کەچی هی عارەبیش لە ٣٦٪ بۆ ٦٢٪ بەرز بوو. واتە ٢٦٪ زیادکرد. بە ڕێژەی کورد بیست و حەفتەهەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکە گرتووە.

قەزایەکانی لەسەرەوە باسکراو. بە هەمان نیشانەی سێ گروپی پێشوو. واتە ڕێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دەکرێ بکرێن بە گروپێکی دیکە زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی  ڕێژە کەم (٢٠٪ – ٥٠٪) . یەکە ئیداریەکانی ئەو گروپە، لە ڕووی ئیداریەوە لە چوارچێوەی ئەستانەکانی کەرکوک نەینەوە و دیالا دان. هۆی سەرەکی کەمیەکە لە کۆچپێکردنی کورد و نیشتەجێکردنی عارەب و ناونووس کردنی کورد بە عارەب دایە.

## موسڵ

ڕێژەی کورد، ئەوەندە لەو قەزایەی کوردستان کەمکراوە بۆ بەراوردکردن لە گەڵ هی عارەب نابی. سەرەڕایی ئەوەش، لە کورتیش دەدات. بە نموونە، ئەگەر ڕێژەکە لا ساڵی ١٩٦٥، لە سەرجەمی دانیشتوان دا، ١٣٪ بوو بێ، ئەوە لە ساڵی ١٩٧٧دا، لە دەوروبەری ١٠٪ بوو. واتە ٣٪ کەم کردووە. قەزای موسڵ بۆ عێراق و هەندی شارەزایی نیشتمانی، کوردستان نیە. کەوابێ، کەمبوونی کورد و زۆربەی زۆرینەی عارەب، جێگەی سەرسورمان نیە. عێراق، خەڵکی ئەو ناوچە بە عارەب دەزانی با بە بنەچەش هەو نەبێ. قسەکردنیش بە عارەبی بۆ عێراق، وەکو سریانەکان دەیکەن، نیشانەی عارەب بوونە. ڕێژەی نەتەوەکانی دیکە، جگە لە هی تورکمان (ساڵی ١٩٦٥ – ٠,٦ و ساڵی ١٩٧٧ – ١٪) نەبێ، لە یەک کەمترە. بە ڕێژەی کورد بیست و هەشتەهەمین پایەی لە نێوان قەزایەکانی دیکە گرتووە.

## شنگاڵ

ناونووس کردنی کورد بە ئاین ئێزیدی بە عارەب، بووەتە مایەیی تۆ بڕانی کورد لەو قەزایەیی باشووریی کوردستان دا. ئەگەر بێتو، ڕێژەی کورد، لە ساڵی ١٩٦٥دا، لە دەوروبەری ٦٧٪ بوو بێ، ئەوە لە ساڵی ١٩٧٧دا، تەنیا ٦٪ بوو. کەوابێ ٦١٪ کەم کرد. کە چی هی عارەبیش، لە ٢٦٪ (ساڵی ١٩٦٥) بوو بە ٩٣٪ (ساڵی ١٩٧٧). واتە

٦٧٪ زیادکرد. ڕێژەی نەتەوەکانی دیکە لەبەر کەمی جێگەی ئاور لێدانەوە نیە. بە ڕێژەی کورد بیست و نۆهەمین پلەی لە نێوان قەزایەکانی دیکە گرتووە.

## شارەبان

زمانی ژمارەیێکی زۆر کەم نەبێ لە دانیشتوانی قەزای شارەبان (*) ئەوەی دیکەی گشتی عارەبیە. ئەگەر بکەوینە دوو بنەچەی زۆر لەوانەی کە ئەورۆکە بە عارەبی یەکتر دەدوێن، دەردەکەوێ کە ئەو زمانە چل پەنجا ساڵێک، لەمەو بەر، بۆیان نامۆ بووە. بە ڕێژەی کورد سیهەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکە گرتووە.

## حەویجە

نیشتەجێ کردنی عارەبی ڕەوەند، بە پرۆژەی کشتوکاڵ کردن بە کێشانی ئاو لە زێی بچووک و لە هەندێ ناوچەی قەزای حەویجە (**)، لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدساڵەی بیستەم، لە لایەن عێراقەوە دەستی، پێکردووە. هەتاکو ئەورۆکەش هەر دەکرێ. ئەوە بووە هۆی ئەوەی زۆربەی هەر زۆری دانیشتوانی ئەو قەزایەی باشووریی کوردستان عارەب بێ. ڕێژەی کوردیش (٤٪) لەو پەری کەمی دابێ. تاک و تووک نەتەوەی دیکەش هەیە. بە ڕێژەی کورد سی و یەکهەمین پایەی لە نێوان قەزایەکانی دیکە گرتووە.

---

*) لە ساڵی ١٩٥٢ ؟ کراوە بە میقدادیە

**) کاتی خۆیی بە ناوی مەلحە ستاتوسی ناحیەی پێ دراوە. بە پێی مەرسومی کۆماری نمرە ٣٧٨ ڕۆژی ٢٩ حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ ستاتوسی قەزای (ناحیەی حەویجە، ناحیەی ڕیاز) وەرگرتووە. ساڵی ١٩٦٢ وەکو لە هەندێ کتێبان دا هاتووە. هەڵەیە.

## حەمدانیە

دانیشتوانی قەزای حەمدانیە بە تایبەتی سریانەکانیان لەبەر ئەوەی لە هەندێ شوێن دا بە عارەبی قسان دەکەن بە عارەب نووسراون. ئەوەش ڕێژەی عارەبی گەیاندووتە نزیکەی ٩٤٪ لە سەرجەمی دانیشتوان دا. ڕێژەی کورد (٤٪) یەکجار زۆر کەمە. هی نەتەوەکانی دیکەش هەر مەپرسە. بە ڕێژەی کورد سی و دووهەمین پلەی لە نێوان قەزایەکانی دیکە گرتووە.

## تەلەعفەر

نەتەوەکان، لە سەرجەمی دانیشتوانی قەزای تەلەعفەری کوردستان دا، لە ساڵی ١٩٦٥دا، بەو شێوە ڕێزیان بەستبوو : کورد – ١٧٪، عارەب – ٥٣٪، تورکمان – ٢٨٪ و هیدیکە ٢٪. (سەرباری ٥). کەوابێ لێرە جۆرە ، هاوسەنگی یەک لە نێوان نەتەوەکان دا هەبوو. نەخشەکە، لە بەر ناونووسکردنی نەتەوەکان بە عارەب و بە عارەبکردن، لە ساڵی ١٩٧٧دا، بە تەواوی یەک ڕەنگ بوو. واتە ٩٦٪ عارەب و ٣٪ کورد، ئەوەندەکەی دیکە تورکمان و نەتەوەکانی دیکە. ئەوەش بە تەواوی لە ڕاستیەوە دوورە. باشە نزیکەی ٣٠ هەزار تورکمانی ساڵی ١٩٦٥چیان بەسەر هێندراوە!؟ ئاگاداری کۆچپێنەکردنیانین، کەوابێ بزربوونیان بۆ ناونووسکردنیان بە عارەب دەگەڕێتەوە. بە ڕێژەی کورد سی و سێهەمین پایەی لە نێوان قەزایەکانی دیکە گرتووە.

## تلکێف

باسی کورد کردن لەبەر کەمی ڕێژەیان لەو قەزایەی باشووریی کوردستان، لەبەر ئەوەی سەرتاپی دانیشتوانەکەی بە عارەب ناو نووس کراون، شایانی باس کردن نیە. عارەب زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانە. بە ڕێژەی کورد سی و چوارهەمین پایەی لە نێوان قەزایەکانی دیکە گرتووە.

## مەندەلی

بە پێی ئامارەکانی سەرژمێری نەتەوەیی دانیشتوان کەمێک لە یەک لە سەد زێتر کورد لەو قەزایەی باشووریی کوردستان دا هەیە. هەڵبەتە ئەگەر عەشیرەتیکی

کوردی وەک قەرەئوڵس بە عارەب لە قەڵەم بدرێ هەر ئەوەی لێ دروست دەبێ. بە ڕێژەی کورد سی و پێنجەهەمین شوێنی لە نێوان قەزایەکانی دیکە گرتووە.

**بەدرە**

قەزای ناو براو بە ڕێژەی کورد (٠,٣) لە ئاخری لێستی قەزایەکانی دیکەی باشووریی کوردستانە. ئەوەندە ڕێژە نیشانەی نە بوونی کوردە. وەلێ لە ڕاستیدا نەخشەکە بە پێچەوانیە. دیاری کردنی کورد و هەر نەتەوەیێکی دیکە پێویستی بە سەر لە دوونانی بنەچەی هەر یەک لە خێزانەکانی ئەو ناوچە هەیە.

قەزایەکانی لەسەرەوە شێکراوە (سەرجەم نۆ قەزا). بە هەمان نیشانەی چوار گروپی پێشوو. واتە ڕێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، دەکرێ بکرێن بە گروپێکی دیکە زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی ڕێژە زۆر کەم (١٠٪ – ٣,٠٪) . یەکە ئیداریە کانی ئەو گروپە، لە ڕوویی ئیداریەوە بە زۆری لە چوارچێوەی ئەستانی نەینەوا، دیالا و کەرکوک دان. هۆی سەرەکی کەمیەکە لە کردنی زمانی ئاخەوتن واتە عارەبی بە بنەمای بنەچەی نەتەوەیی، لە بیرکردنی زمانی سکماک، بە عارەب کردن و نیشتەجێکردنی نیشتەجێکراوانی عێراقی.

کەمی یان هەر زۆر کەمی و بگرە هیچ ڕێژەی کورد لە نۆ قەزای باسکراوی دووایی نابێ ببیتە هۆی دڵ سارد بوون لە کوردستانیێتی ئەو ناوچانە، چونکە لە ئەنجامی سیاسەتێکی دوور و درێژی سیاسەتی بە عارەب کردن عێراق و باری مێژوویی بە تایبەتی کەمی کۆنتاکت ئەو بارە دروست بووە. شارەزایانی کوردستانی هەر لەبەر خاتری ناو نەبردنیان بە شۆڤینی، دەمارگیری نەتەوەیی و زێدە ڕۆیی نەتەوەیی (توومەتەکانی نە سیۆنالیستی عێراقی) پێیان وایە دووای سنووری قەزای بەدرە ئیتر نە خاکی کوردستان و نە کورد (فەیلی، لورِ و هیدیکە هەیە) هەیە. شتی ئەوها پێ وابوونە بە نیشانەی ئەوەی هەندێک لە خێزانەکانی یەکە ئیداریەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەستانی واسیت (پێشتر کوت) و عیمارە، هەتاکو ئەورۆکە بە پاش ناوە کوردیەکانیان، بە نموونە، لە عیمارە مرادی (بەرە بابێکی جاف) دەناسرێن.

تابلی ٣

## ژماره و ڕێژەی نەتەوەکان
## لە سەرجەمی دانیشتوانی قەزایەکانی کوردستان ـ ١٩٧٧ *

| قەزا | نەتەوە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| هەولێر | کورد | ٢٣٧٥٤٤ | ٨٧,٩ |
| | عارەب | ١٦٤٥٧ | ٦,١ |
| | فەیلی | ٣٠ | ... |
| | تورکمان | ٨٥٤٦ | ٣,٢ |
| | ئەرمەن | ٧٦ | ٠,٠٢ |
| | سریان | ٦٥٨٤ | ٢,٤ |
| | هیدیکە | ١٠٣٣ | ٠,٣ |
| | سەرجەم | ٢٧٠٢٧٠ | ٩٩,٩٢ |
| مەخمور | کورد | ٣٩٨٥٣ | ٦٩,٥ |
| | عارەب | ١٧١٣١ | ٢٩,٩ |
| | فەیلی | ١٣ | ... |
| | تورکمان | ٢٤ | ... |
| | ئەرمەن | ٠ | — |
| | سریان | ١٢ | ... |
| | هیدیکە | ٣٢٨ | ٠,٦ |
| | سەرجەم | ٥٧٣٦١ | ١٠٠ |
| کۆیە | کورد | ٤٧٤٨٦ | ٩٨,٦ |
| | عارەب | ٥٣٧ | ١,١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | فەیلی | ٣ | ... |
| | تورکمان | ٩ | ... |
| | ئەرمەن | ٠ | — |
| | سریان | ٦٨ | ٠٫١ |
| | هیدیکە | ٤٤ | ٠٫٠٩ |
| | سەرجەم | ٤٨١٤٧ | ٩٩٫٨٩ |
| ڕواندز | کورد | ٥٤٤١٧ | ٨٣٫٩ |
| | عارەب | ٩٦١٩ | ١٤٫٨ |
| | فەیلی | ١١ | ... |
| | تورکمان | ٨٣ | ٠٫١ |
| | ئەرمەن | ١٧ | ... |
| | سریان | ٦٩ | ٠٫١ |
| | هیدیکە | ٦٦١ | ١ |
| | سەرجەم | ٦٤٨٧٧ | ٩٩٫٩ |
| زێبار | کورد | ١٧١٧٠ | ٨٠٫٣ |
| | عارەب | ٤٠٣٧ | ١٨٫٩ |
| | فەیلی | ٣ | ... |
| | تورکمان | ٤٤ | ٠٫٢ |
| | ئەرمەن | ٠ | — |
| | سریان | ٨٥ | ٠٫٣ |
| | هیدیکە | ٤٩ | ٠٫٢ |
| | سەرجەم | ٢١٣٨٨ | ٩٩٫٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شەقڵاوە | کورد | ٥١٠٥١ | ٩٢,١ |
| | عارەب | ٢٣١٦ | ٤,٢ |
| | فەیلی | ٤ | ... |
| | تورکمان | ٤٨ | ٠,١ |
| | ئەرمەن | ١٤ | ... |
| | سریان | ١٩٤٦ | ٣,٥ |
| | هیدیکە | ٤٩ | ٠,١ |
| | سەرجەم | ٥٥٤٢٨ | ١٠٠ |
| چۆمان | کورد | ١٧٨٦٢ | ٧٤,٥ |
| | عارەب | ٥٩٥٦ | ٢٤,٨ |
| | فەیلی | ٦ | ... |
| | تورکمان | ٨٤ | ٠,٤ |
| | ئەرمەن | ٢ | ... |
| | سریان | ٤١ | ٠,٢ |
| | هیدیکە | ٣٤ | ٠,١ |
| | سەرجەم | ٢٣٩٨٥ | ١٠٠ |
| دهۆک | کورد | ٧٧٢٩١ | ٧٥,٤ |
| | عارەب | ١٨٨٥٤ | ١٨,٤ |
| | فەیلی | ١٩ | ... |
| | تورکمان | ٢٦٨ | ٠,٣ |
| | ئەرمەن | ١٤٢ | ٠,١ |
| | سریان | ٥٥٨٨ | ٥,٤ |
| | هیدیکە | ٤١٢ | ٠,٤ |
| | سەرجەم | ١٠٢٥٧٤ | ١٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئامێدی | کورد | ٦٢٠١١ | ٨٤,٣ |
| | عارەب | ٦٢٥٤ | ٨,٥ |
| | فەیلی | ١١ | ... |
| | تورکمان | ٨٣ | ٠,١ |
| | ئەرمەن | ٥ | ... |
| | سریان | ٥١٠٠ | ٦,٩ |
| | هیدیکە | ١٢٩ | ٠,٢ |
| | سەرجەم | ٧٣٥٩٣ | ١٠٠ |
| زاخۆ | کورد | ٥١٠٣٣ | ٦٨,٦ |
| | عارەب | ٢١٢٥٢ | ٢٨,٦ |
| | فەیلی | ١٣ | ... |
| | تورکمان | ١٤٧ | ٠,١ |
| | ئەرمەن | ٧٣٨ | ١ |
| | سریان | ١٠٢٩ | ١,٣ |
| | هیدیکە | ١٩٦ | ٠,٣ |
| | سەرجەم | ٧٤٤٠٨ | ٩٩,٩ |
| سلێمانی | کورد | ٢٣٠٤٩٧ | ٩٣,٨ |
| | عارەب | ١٣٢٩٠ | ٥,٤ |
| | فەیلی | ٦٢ | ٠,٠٢ |
| | تورکمان | ٤١٥ | ٠,٢ |
| | ئەرمەن | ٣٥ | ٠,٠١ |
| | سریان | ٣٦٧ | ٠,١ |
| | هیدیکە | ١٠٥٥ | ٠,٤ |
| | سەرجەم | ٢٤٥٧٢١ | ٩٩,٩٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەڵەبجە | کورد | ٨٧٠٧٥ | ٩٤,٧ |
| | عارەب | ٤٣٢٤ | ٤,٧ |
| | فەیلی | ١٣ | ... |
| | تورکمان | ٨١ | ٠,٠٧ |
| | ئەرمەن | ٣ | – |
| | سریان | ٣ | – |
| | هیدیکە | ٤٤٠ | ٠,٥ |
| | سەرجەم | ٩١٩٣٩ | ٩٩,٩٧ |
| پێنجوین | کورد | ٣٣٩٥٠ | ٩٣,٩ |
| | عارەب | ٢٠٨٥ | ٥,٧ |
| | فەیلی | ٣ | ... |
| | تورکمان | ١٢ | ... |
| | ئەرمەن | ٠ | – |
| | سریان | ٠ | – |
| | هیدیکە | ١١٥ | ٠,٣ |
| | سەرجەم | ٣٦١٦٥ | ٩٩,٩ |
| شارباژێڕ | کورد | ٥٥٣٨٤ | ٩٠,٥ |
| | عارەب | ٥٣٨٤ | ٨,٨ |
| | فەیلی | ١٧ | ... |
| | تورکمان | ١٠٩ | ٠,١ |
| | ئەرمەن | ٢ | – |
| | سریان | ٢ | – |
| | هیدیکە | ٣١٠ | ٠,٥ |
| | سەرجەم | ٦١٢٠٨ | ٩٩,٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پشدەر | کورد | ٤٩٦٤٤ | ٩٩,٦ |
| | عارەب | ١٢٩ | ٠,٢ |
| | فەیلی | ٧ | ... |
| | تورکمان | ١ | ... |
| | ئەرمەن | ٠ | — |
| | سریان | ٠ | — |
| | هیدیکە | ٨٦ | ٠,١ |
| | سەرجەم | ٤٩٨٦٧ | ٩٩,٩ |
| رانیە | کورد | ٥١٧٥٥ | ٩٧ |
| | عارەب | ١٤٦٨ | ٢,٧ |
| | فەیلی | ٩ | ... |
| | تورکمان | ٢١ | ٠,٠٣ |
| | ئەرمەن | ٦ | ... |
| | سریان | ٣ | ... |
| | هیدیکە | ١٠٠ | ٠,٢ |
| | سەرجەم | ٥٣٣٦٢ | ٩٩,٩٣ |
| دوکان | کورد | ٢٩٣١٨ | ٩٢,٧ |
| | عارەب | ٢٢٢٥ | ٧ |
| | فەیلی | ١١ | ٠,٠٣ |
| | تورکمان | ٤٦ | ٠,١ |
| | ئەرمەن | ١ | ... |
| | سریان | ١١ | ٠,٠٣ |
| | هیدیکە | ٣٤ | ٠,١ |
| | سەرجەم | ٣١٦٤٦ | ٩٩,٩٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەربەندیخان | کورد | ٢١٧٣٢ | ٩١٫٢ |
| | عارەب | ١٨٠٣ | ٧٫٦ |
| | فەیلی | ٥ | ... |
| | تورکمان | ٣٦ | ٠٫١ |
| | ئەرمەن | ١ | ... |
| | سریان | ٥٠ | ٠٫٢ |
| | هیدیکە | ١٩٢ | ٠٫٨ |
| | سەرجەم | ٢٣٨١٩ | ٩٩٫٩ |
| چەمچەماڵ | کورد | ٥١٥٤٩ | ٩٧٫٧ |
| | عارەب | ١٠٠٤ | ١٫٩ |
| | فەیلی | ٩ | ... |
| | تورکمان | ٢٠ | ٠٫٠٣ |
| | ئەرمەن | ٠ | — |
| | سریان | ٠ | — |
| | هیدیکە | ١٩١ | ٠٫٣ |
| | سەرجەم | ٥٢٧٧٣ | ٩٩٫٩٣ |
| کەلار | کورد | ٣٧٥٦٩ | ٨٥٫٣ |
| | عارەب | ٦٢٣٣ | ١٤٫١ |
| | فەیلی | ١٥ | ٠٫٠٣ |
| | تورکمان | ١٠٤ | ٠٫٢ |
| | ئەرمەن | ٢ | ... |
| | سریان | ٢ | ... |
| | هیدیکە | ١٣٢ | ٠٫٣ |
| | سەرجەم | ٤٤٠٥٧ | ٩٩٫٩٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کەرکوک | کورد | ١٦٣٩٩٢ | ٤٠,٤ |
| | عارەب | ١٥٦٢١٧ | ٣٨,٥ |
| | فەیلی | ٣٨٩ | ٠,١ |
| | تورکمان | ٧٧١٥٥ | ١٩ |
| | ئەرمەن | ٥٨٠ | ٠,١ |
| | سریان | ٣٩٤٧ | ١ |
| | هیدیکە | ٣١٥١ | ٠,٨ |
| | سەرجەم | ٤٠٥٤٣١ | ٩٩,٩ |
| حەویجە | کورد | ٢٠٦٨ | ٤ |
| | عارەب | ٤٩٥٨٦ | ٩٥ |
| | فەیلی | ٢ | ... |
| | تورکمان | ٤١٥ | ٠,٨ |
| | ئەرمەن | ٠ | — |
| | سریان | ٢ | ... |
| | هیدیکە | ١٠٦ | ٠,٢ |
| | سەرجەم | ٥٢١٧٩ | ١٠٠ |
| دووبز | کورد | ١٩٧٢١ | ٥٢,٢ |
| | عارەب | ١٤٣٥٦ | ٣٨ |
| | فەیلی | ٥ | ... |
| | تورکمان | ٣٢٤٠ | ٨,٦ |
| | ئەرمەن | ١٣ | ... |
| | سریان | ١٢٢ | ٠,٣ |
| | هیدیکە | ٣٥٨ | ٠,٩ |
| | سەرجەم | ٣٧٨١٥ | ١٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| توزخورماتوو | کورد | ٣٤٢٤٢ | ٤٥.٢ |
| | عارەب | ٢٦٧٦٩ | ٣٥.٣ |
| | فەیلی | ٣٤٥ | ٠.٤ |
| | تورکمان | ١٣٩٦٥ | ١٨.٤ |
| | ئەرمەن | ٥ | ... |
| | سریان | ٠ | – |
| | هیدیکە | ٤١١ | ٠.٥ |
| | سەرجەم | ٧٥٧٣٧ | ٩٩.٨ |
| موسڵ | کورد | ٤٧٣١٦ | ٩.٩ |
| | عارەب | ٤٢١٠٥٦ | ٨٨.١ |
| | فەیلی | ٢٠٩٣ | ٠.٤ |
| | تورکمان | ٥٥٤٣ | ١.١ |
| | ئەرمەن | ٨٦ | ٠.٠١ |
| | سریان | ٣١٤ | ٠.٠٦ |
| | هیدیکە | ١٧٣١ | ٠.٤ |
| | سەرجەم | ٤٧٨١٣٩ | ٩٩.٩٧ |
| حەمدانیە | کورد | ٢٠٣٢ | ٣.٩ |
| | عارەب | ٤٨٩٤٤ | ٩٢.٩ |
| | فەیلی | ٤ | ... |
| | تورکمان | ١٦٤٣ | ٣.١ |
| | ئەرمەن | ٠ | – |
| | سریان | ٠ | – |
| | هیدیکە | ٦٨ | ٠.١ |
| | سەرجەم | ٥٢٦٩١ | ١٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تلكێف | كورد | ١١١٠ | ٢،٠ |
| | عارەب | ٥٣٨٨٢ | ٩٥.٨ |
| | فەيلی | ٢ | ... |
| | توركمان | ٢٧٣ | ٠.٥ |
| | ئەرمەن | ٠ | — |
| | سريان | ٧٧٣ | ١.٤ |
| | هيديكە | ٢٠١ | ٠.٣ |
| | سەرجەم | ٥٦٢٤١ | ١٠٠ |
| شنگاڵ | كورد | ٦١٣٦ | ٦.١ |
| | عارەب | ٩٣٥٢٢ | ٩٣.٠٤ |
| | فەيلی | ٢١٧ | ٠.٢ |
| | توركمان | ٤٢٧ | ٠.٤ |
| | ئەرمەن | ١ | ... |
| | سريان | ٧ | ... |
| | هيديكە | ٢٠١ | ٠.٢ |
| | سەرجەم | ١٠٠٥١١ | ٩٩.٩٤ |
| تەلەعفەر | كورد | ٤١٢٢ | ٣.١ |
| | عارەب | ١٢٦٩٢٨ | ٩٥.٥ |
| | فەيلی | ١٤٥ | ٠.١ |
| | توركمان | ١٣٠٤ | ٠.٩ |
| | ئەرمەن | ١ | ... |
| | سريان | ٧ | ... |
| | هيديكە | ٣٤٧ | ٠.٣ |
| | سەرجەم | ١٣٢٨٥٤ | ٩٩.٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شێخان | کورد | ١٣٤٥٩ | ٣٧,٠ |
| | عارەب | ٢٢٦٢٢ | ٦٢,١ |
| | فەیلی | ١ | ... |
| | تورکمان | ٧٦ | ٠,٢ |
| | ئەرمەن | ٠ | ... |
| | سریان | ٠ | ... |
| | هیدیکە | ٢٦٤ | ٠,٧ |
| | سەرجەم | ٣٦٤٢٢ | ١٠٠ |
| ئاکرێ | کورد | ٦٦٢٨٩ | ٩١,٠٤ |
| | عارەب | ٥٨٢١ | ٨ |
| | فەیلی | ٣٠ | ٠,٠٤ |
| | تورکمان | ٩٢ | ٠,١ |
| | ئەرمەن | ٤ | ... |
| | سریان | ٢ | ... |
| | هیدیکە | ٥٦٩ | ٠,٨ |
| | سەرجەم | ٧٢٨٠٧ | ٩٩,٩٨ |
| خانەقین | کورد | ٢٦٩٧٢ | ٢٧,٣ |
| | عارەب | ٦٧٠٦٢ | ٦٧,٨ |
| | فەیلی | ٢٨ | ... |
| | تورکمان | ٤٠٠٤ | ٤,٠٤ |
| | ئەرمەن | ٣٢ | ٠,٠٣ |
| | سریان | ٣١ | ٠,٠٣ |
| | هیدیکە | ٧٤١ | ٠,٧ |
| | سەرجەم | ٩٨٨٧٠ | ٩٩,٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەندەلی | کورد | ٨٢٤ | ١,٤ |
| | عارەب | ٥٨٨١٣ | ٩٨,٤ |
| | فەیلی | ٢ | ... |
| | تورکمان | ٣١ | ٠,٠٥ |
| | ئەرمەن | ٢ | ... |
| | سریان | ١٩ | ٠,٠٣ |
| | هیدیکە | ٧٥ | ٠,١ |
| | سەرجەم | ٥٩٧٦٦ | ٩٩,٩٨ |
| کفری | کورد | ٢٨٢٨٢ | ٥١,٥ |
| | عارەب | ٢٢٩٩٧ | ٤١,٩ |
| | فەیلی | ١٨ | ... |
| | تورکمان | ٣١٣٧ | ٥,٧ |
| | ئەرمەن | ٤ | ... |
| | سریان | ٥ | ... |
| | هیدیکە | ٤٦١ | ٠,٨ |
| | سەرجەم | ٥٤٩٠٤ | ٩٩,٩ |
| شارەبان | کورد | ٣٥٧١ | ٤,٩ |
| | عارەب | ٦٨٤٩٣ | ٩٤,٣ |
| | فەیلی | ٦ | ... |
| | تورکمان | ٣١٨ | ٠,٤ |
| | ئەرمەن | ٢٧ | ٠,٠٣ |
| | سریان | ٣٤ | ٠,٠٣ |
| | هیدیکە | ٢٠٠ | ٠,٣ |
| | سەرجەم | ٧٢٦٤٩ | ٩٩,٩٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەدرە | کورد | ٤٠ | ٠,٣ |
| | عارەب | ١٥٢٥٩ | ٩٩,٥٤ |
| | فەیلی | ١٧ | ٠,١ |
| | تورکمان | ١ | ... |
| | ئەرمەن | ٠ | – |
| | سریان | ٠ | – |
| | هیدیکە | ١٢ | ٠,٠٦ |
| | سەرجەم | ١٥٣٢٩ | ١٠٠ |

# بەشی چوارەم
# ژمارە و ڕێژەی
# نەتەوەکان لە سەرجەمی دانیشتوانی ناحیەکان دا

سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٧ ئاماژەی بە هەبوونی ١٢٨ناحیە (*)، لە تریتۆری باشووریی کوردستان دەکات. جودا بە پانتایی و ژمارەی گشتی دانیشتوان. ناحیەکان بە پێی کەم و زۆری ڕێژەیی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا بەو شێوە دابەش کرابوو : ڕێژەی کورد لە ٥١ ناحیە لە نێوان ١٠٠٪ – ٩٠٪ بوو. لە ١٢ ناحیە لە نێوان ٩٠٪ –٨٠٪ بوو. لە ١١ ناحیە لە نێوان ٨٠٪ – ٧٠٪ بوو. لە ١٠ ناحیە لە نێوان ٧٠٪ – ٥٠٪ بوو. لە ٦ ناحیە لە نێوان ٥٠٪ – ٣٠٪ بوو. لە ٦ ناحیە لە نێوان ٣٠٪ – ١٠٪ بوو. لە ٩ ناحیە لە نێوان ١٠٪ – ٥٪ بوو. لە ٢٣ ناحیە لە نێوان ٥٪ – ٠,٠٦ ٪ بوو. ئەگەر کەمێک درشتر سەیری ناحیەکان بکرێ ئەوە ڕێژەی کورد، لە ٨٤ یان لە نیوە زێتر بوو و لە ٤٤ ناحیە لە نیوە کەمتر بوو. واتە ٣٤٪ تریتۆری باشووریی کوردستان هەتاکو ئەورۆکە، لە لایەن عێراقەوە تەعریب کرابوو.

پایەی نەتەوەکان لە ناحیەکان دا باڵکێشە. کورد و عارەب لە نێوەخۆیان دا هەردەم شوێنی یەکەم و دووهەم دەگرن. بەو مانایەیی پلەی یەکەم لە ٨٤ یان بۆ کورد بووە و لە ٤٤ یانیش بۆ عارەب ماوەتەوە. تورکمان، جگە لە ناحیەی ئیشمالۆ، لە چی ناحیان لە پیش کورد یان عارەب نە بووە. تورکمان و سریان لە سەر پایەیی سێهەم و چوارهەم ڕکەبەریتیان. یەکەمیان لە ناحیەکانی کەرکوک و نەینەوا لە پێش سریان بووە. وەلێ لە ناحیەکانی ئەستانی سلێمانی، ئەو شوێنەی بۆ سریان جێ هێشتووە. شێکردنەوەی بابەتێکی ناسکی وەکو پێکهاتەی دانیشتوان و، لە وڵاتێکی وەکو باشووریی کوردستان، کە هەردەم سیاسەتی بە عارەب کردنی، لە لایەن عێراقەوە، تێدا بەکار هاتووە، چەندی وردتر بێ ئەوەندە زێتر نەخشەی ئەو سیاسەتەمان بۆ روون دەبێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە ئەوەندەی لە توانا دابێ و، بە پشت بەستان بەو هەشت نۆ سەرچاوەی بەردەست و، کاری پراکتیکی و، لە خەڵک بیستن، تەقەلایی ئاشکراکردنی شوێنی مۆڵی ئەم یان ئەو نەتەوە، لە ناحیەکان دەکەم

---

(*) بە ناحیەی مەرکەزی قەزایەکانەوە.

وەلێ بە بیـــستن، تەقـــەلایی ئاشـکراکـــردنی شـــوێنی مـــۆڵی ئەم یان ئەو نەتـەوە، لە ناحیەکان دەکەم. وەلێ بە پێویستی نازانم، لەبەر ئەوەی نەخشەی پێکهاتەی نەتەوەی لە زۆر شوێن یەکە و فاکتۆرەکانیش هاوبەشن و، دووەکەوتنەوە لە دووبارە بوونەوەی رستـەکان، یەک بە یەک باسی ناحیەکان بکەم وەکو ئەوەیی بۆ ئەستان و قـەزایەکانم کـــردووە. لێـــرەدا جـــەخـــتی لەســـەر ئەوانەی لـە ئەوانـی دیکە بـەرچاوتر دەکـــەم و دەسـتـبژێریێکی باش لە ناو ناحـیـەکان دەکەم و لـە هـەر گروپێک یـەک دووەکان، بە گۆترە، دیاری دەکەم. بۆ ئەو مەبەستە تابلّی **٤** و نەخشەی **٣** دەخەمە بەردەست .

## شۆڕش

سـەرتاپی دانیـشـتوانی ناحـیـەی شۆڕش (ئەسـتـانی هەولێر) کـوردە. ژمـارەی نەتەوەکـانی دیکە و، لـەگـەڵ هیـتر بەسـەر یەکـەوە ١٢ کـەسـە. کەوابێ رێژەیان زۆر لە یەکی تەواو کـەمترە. یەک رەنگی دانیشـتوان بۆ مـانەوە لە شوێنی خـۆیی و دووری لە سیـاسـەتی بە عـارەبکردن دەگـەرێتـەوە. شـۆڕش یەکـەمین نـاحـیـەیە، نەوەکـو هـەر لە ئەسـتـانـی هەولێـر بەلکو لە سـەرانسـەری باشـووریی کوردسـتـان، لە یەک دەسـتی دانیشتوانەکەی.

## بیارە

ژمارەی غـەیرە کورد لە ناحیەی بیارە (ئەسـتانی سلێمـانی) کەمێک لە ٥٠٠ کەس زێتر. واتە ٤٪ سەرجەمی دانیشتوان. ئەویدیکەی گشتی کوردە. بەرزی رێژەی کورد، وەکو ئەوەی بەرایی بۆ نە جولاندنی خەڵک لە لایەن عێراقەوە و نیشـتەجێ نەکردنی عـارەب دەگـەرێتـەوە. وەلێ ژمـارەی عـارەب (٤٤١) بـۆ ناوچـەیێکی قـولایـی باشـووریی کودستان زۆرە. قسەی خۆمان بێ ئەوانە سەرباز و چەند فەرمانبەری عێراقین.

## نەهلێ

زۆربەی هـەرە زۆری دانیشـتوانی ناحـیـەی نەهـلێ (*) (ئەسـتـانی نەینەوا) کوردە. بەشــەکەی دیکە (٦٣٨ کـەس) عـارەب، تورکـمـان و فـەیلـییـە. کـەمی غـەیرە کـورد بۆ پەیرەونە کـردنی سیاسـەتی بە عـارەبکردن و دەست لە دانیشـتوان نەدان بە مـەتیـڤی سیاسـی، دەگەرێتەوە.

ئەو ناحیەیانە و ئەوانەی لەوانە دەکەن بۆ ئەوە دەشێن بە ڕێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بکرێن بە گروپێکی سەربەخۆ زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی ڕێژە هەرە بەرز (١٠٠٪ - ٩٠٪) . یەکە ئیدارییەکانی ئەو گروپە، لە ڕووی ئیدارییەوە لە چوارچێوەی ئەستانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک دان. هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ بە عارەب نەکردن.

## ماوەت

پێکهاتەی ئیتنی دانیشتوانی ناحیەی ماوەت (ئەستانی سلێمانی) ئەگەر چی یەکجار زۆرخاوێنە وەلێ ژمارەییێکی زۆر (٢٢١٤ کەس) لە عارەب (سەربازی عێراق) و چەند کەسی سەر بە نەتەوەی دیکە هەیە. ئەوەش پەیوەندی بە کۆنترۆل کردنی باشووریی کوردستان، لە لایەن عێراقەوە، هەیە.

## گردە سێن

زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی ناحیەی گردە سێن (گرەسێن) (ئەستانی نەینەوا) کوردە. عارەب (٢٤٤٢ کەس) بۆ ناوچەییێکی وەکو ئێرە یەکجار زۆرە. ئەوانە بە مەبەستی نیشتەجێ لێرە مۆڵەدراون، بەڵکو دەیانەوێ کۆنترۆلی ناوچەکە بکەن. ژمارەیی نەتەوەکانی دیکە زۆر کەمە.

## خەلیفان

دانیشتوانی ناحیەی خەلیفان (ئەستانی هەولێر) بە یەک دەستی وەسپ دەکرێ بەو مانایەی کە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردە. شوێنی ستراتیژی خەلیفان لە زارگەلی بووەتە هۆیی مۆڵی ژمارەییێکی زۆر (١٩٧٨ کەس) لە سەربازی عێراق بە

---

***)** بە گوێرەی قراری (نمرە و برواری قرارەکە نە نووسراوە) وزیری ناوەخۆی عێراق مەرکەزی ناحیەی بیرەکەپرە لە گوندی بیرەکەپرە بۆ گوندی دینارتە [مەرکەزی ناحیەی نەهلێ] گواستراوەتەوە. الوقائع العراقية العدد ٣٧١٥ ٢٢/١٠/١٩٥٥ ص ١

مەبەستی پاراستنی گەلی عەلی بەگ و کۆنترۆل کردنی ناوچەکە. ژمارەی نەتەوەکانی دیکە زۆر کەمە.

ناحیەکانی باسکراو و ئەوانەی لەوانە دەکەن بۆ ئەوە دەبن بە رێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بکرێن بە گروپێکی سەربەخۆ زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی رێژە یەکجار بەرز (٩٠٪ – ٨٠٪). هەبوونی نەتەوەیی غەیرە کورد پەیوەندی بە کاروباری سەربازیەوە هەیە.

## عەنکاوە

نەخشەی پێکهاتەی ئیتنی ناحیەی عەنکاوە (ئەستانی هەولێر) ئینترێسە لە لایەنی ئەوەی کە سریانی بە ژمارە و رێژەیان لە سەرجەمی دانیشتوان دا دووایی کوردە. عارەبیش بە ژمارە (١٥٨٨ کەس) کەم نین. وەلێ سەربازی عێراقین.

## قەرە حەسەن

سێ لە چواری دانیشتوانی ناحیەی قەرە حەسەن (ئەستانی کەرکوک) کوردە. بەشەکەی دیکە عارەب (٣٢٠٠ کەس) و تورکمان (١٩٣٥ کەس) و هیدیکە بوو. بەو نیشانە دانیشتوانی قەرە حەسەن لە روویی پێکهاتەی نەتەوەییان هێشتا زۆر خاوێنە. هەر ئەوە و نزیکی لە شاری کەرکوک، لە ساڵەکانی دووایی‌دا، خستیە بەر شێلاویکی بە تەوژمی بە عارەب کردن.

## گولی

بنەچەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی ناحیەی گولی (ئەستانی دهۆک) کوردە. وەلێ ژمارەیێکی گەورە (٣٥٧٣ کەس) یان عارەبە. وەلێ سەربازی عێراقی و نیشتەجێ کراون.

ئەو یەکە ئیداریانە و ئەوانەی لەوانە دەکەن بۆ ئەوە دەدەست دەدەن بە رێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بکرێن بە گروپێکی سەربەخۆ زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی رێژە بەرز (٨٠٪ – ٧٠٪) . یەکە ئیداریەکانی ئەو گروپە، لە رووی ئیداریەوە لە چوارچێوەی ئەستانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک دان. خەسڵەتی ئەو گروپە بریتیە لە گرتنی پایەی سێهەم لە لایەن سریانەکانەوە نە تورکمان وەکو شوێنەکانی دیکە و، نیشتەجێکردنی عارەب و مۆڵی سەربازی عێراقی.

## کۆکس

دوو لە سێی دانیشتوانی ناحیەی کۆکس (ئەستانی دیالا) کوردە. بنەچەی ئەوانەی دەمینێتەوە ژمارەییەکی کەمیان نەبێ دەنا ئەوانی دیکە عارەبی سەرباز و نیشتەجێ کراوی عێراقین.

## گوێڕ

نەتەوەی سەرەکی لە نێوان دانیشتوانی ناحیەی گوێڕ کوردە. نەتەوەی دووەم بە ژمارە (٨ هەزار کەس) عارەب (سەرباز و نیشتەجێکراو) ئەوجا نەتەوەیی دیکە. وەلێ ژمارەیان بەسەر یەکەوە لە ٢٠٠ کەس کەمترە. بە وەندەش نەخشەی گشتی پێکهاتەی نەتەوەیی پێ ناگۆڕێ.

## سێمێل

نیشتەجێکردنی عارەب و مۆڵدانی سەربازی عێراقی بوونەتە هۆی بەرزکردنی رێژەی عارەب (٤٢٪) و دابەزاندنی رێژەی کورد بۆ کەمێک لە نیوە (٥٤٪) زێتر. لێرە سریان (٤٪) لە پێش تورکمان دێ.

ناحیەکانی لەسەر نووسراو و ئەوانەی لەوانە دەکەن بۆ ئەوە دشێن بە رێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بکرێن بە گروپێکی سەربەخۆ زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی رێژە ناوەنجی (٧٠٪ - ٥٠٪) . یەکە ئیداریەکانی ئەو گروپە، لە رووی ئیداریەوە لە چوارچێوەی ئەستانی دیالا، هەولێر، دهۆک دان. خەسڵەتی ئەو گروپە بریتیە لە گۆرینی پایەیی سێهەم لە نێوان تورکمان و سریان دا. هەروەها نیشتەجێکردنی عارەب و مۆڵ دانی سەربازی عێراقی.

## قەراج

داشکانی رێژەی کورد بۆ لە پەنجا کەمتر بە ناحیەی قەراج (ئەستانی هەولێر) دەست پێ دەکات. رێژەی عارەب لە ئەنجامی خزین و نیشتەجێکردن بۆ نزیکەی ٥٣٪ دانیشتوان بەرز بووە. نەخشەکە لە ساڵی ١٩٦٥ دا لە بەرژەوەندی عارەب نە بوو. ئەوکات پەیوەندیەکە بە شێوە بوو : کورد - ٥٢ و عارەب - ٤٨٪ (سەرباری ٦) قسەی خۆمان بێ عارەب لە چلەکانەوە دەستیان بەو کارە کردووە. تاک و تووک کەسانێ نەتەوەیی دیکە هەیە.

**دوویز**

له ناحیـەی دوویز (*) (ئەسـتـانی کەرکـوک)، ڕێژەی (٦٠٪) عـارەب نزیکەی دوو ئەوەندەی ڕێژەی (٣٦٪) کوردە. کە چی نەخشەکە لە ساڵی ١٩٦٥دا بەو شێوە بوو : کـورد – ١٤٪ و عـارەب – ٨٣٪. (سـەرباری ٦). واتە کـورد ٢٢٪ زیاد کـردووە. زیاد و کـەمکردنـی ڕێژەکـان پەیوەندیان بـە سـیاسـەتەوە هـەیە نە وەکو بە بنەچەی نەتەوەیی ئەوەش وەکو پێشـتـریش باس کراوە ئەنجامی سـیاسـەتی بە عـارەبکردن و کۆچپێ ـ کردنی کورد بووە.

ئەو یەکە ئیدارییانە و ئەوانەی لەوانە دەکەن بۆ ئەوە دەست دەدەن بە ڕێژەی کورد لە سـەرجـەمی دانیـشـتـوان دا، بکرێن بە گـروپێکی سـەربەخـۆ زاراوەیی بە ناوی ناوچەی چەی ئیـتنی ڕێژەی نزم (٥٠٪ – ٣٠٪) . یەکە ئـیدارییەکـانی ئەو گـروپە، لە ڕووی ئیدارییەوە لە چوارچێوەی ئەستانی هـەولێر، دیالا، کەرکوک دان. خەسڵەتی ئەو گروپە بریتیە لە زۆرینەیێکی کەمی عارەب لە چاو هی کورد.

---

*) دوویز یان دوویس هـەردووکی دروسـتە وەلێ بۆ ئەوەیی لە نووسینـی عارەبییەکەی بە دوور بگیرێ نەکەی بە شێوەیی دووەم بینووسی. بە پێی مەرسومی کۆماری نمرە ٤٨٦ ڕۆژی ١٤ ئابی ١٩٦٠ کـراوە بە ناحـیـە. بە پێی مـەرسـومی کـۆمـاری نمرە ٧٢ ڕۆژی ١٥ شـوبـاتی سـاڵی ١٩٧٦، کـراوە بە قـەزا. بە پێی مـەرسـومی کـۆمـاری نمرە ٤٣٤ ڕۆژی ١١ ئەیلولی سـاڵی ١٩٨٩، وەکو قـەزا نەماوە و کراوەتەوە ناحـیـە. بە پێی مـەرسـومی کـۆمـاری نمرە ٢٤٥ ڕۆژی ٢٥ تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ٢٠٠٠، کـراوەتەوە قـەزا. لە دوو ناحـیـاش پێکهـێندراوە بە ناوی ناحـیـەی مـەرکەز و نـاحـیـەی قـودس (مەرکەز سەرگەران).

لە کۆتایی پەنجایەکان لە دەرکەیی ئەم سەرەی ئاوەکە (مەبەست زێبی بچووکە کە لەو ناوە بە زێی پردێ ناو دەبرێ) گەر لە دیبەگەوە هاتبی لە چایخانەی حەسۆ شەل بەو لاوە هیچ خـانووبەری دیکە نە خـوازاڵا عـارەب نە بوو. لەو بەری چایخـانێک چەند دووکان و خـانووبەرە هـەموویی هی کورد و تاک و تووک عارەبی کارمەندی دەوڵەت.

## یایجی

یەک لە پێنج دانیشتوانی ناحیەی یایجی (ئەستانی کەرکوک) کوردە. بەو نیشانە دوو ئەوەندەی هی تورکمانە (١١٪) وەلێ زێتر لە سێ کەرەت لە هی عارەب کەمترە. کەوابێ ئێرە بە زۆری عارەبی تێ نیشتەجێ کراوە و بە عارەب کراوە.

## سلیڤانی

جگە لە ژمارەیێکی کەم (٩٢٢ کەس) نەبێ ئەوەیی تری گشتی، لە ئاکامی سیاسەتی بە عارەبکردنی ناحیەی سلیڤانی (ئەستانی دهۆک) و کۆچپێکردنی کورد، عارەبە. بەو شێوە ڕێژەی (١١٪) کورد، نۆ کەرەت لە هی عارەب کەمترە. لە ساڵی ١٩٦٥دا پەیوەندی ڕێژەیی لە نێو نەتەوەکان دا بەو شێوە بوو : کورد – ٥٣٪، عارەب – ١٧٪، کلدان و سریانی – ٢٦٪ (سەرباری ٦). تاک و تووک کەسانی نەتەوەیی دیکە هەیە.

دوو ناحیەی باسکراو لەگەڵ ئەوانەی لەوانە دەکەن بۆ ئەوە دەشێن بە ڕێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بکرێن بە گروپێکی سەربەخۆ زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی ڕێژەی زۆر نزم (٢٠٪ – ١٠٪) . یەکە ئیدارییەکانی ئەو گروپە، لە ڕووی ئیدارییەوە لە چوارچێوەی ئەستانی کەرکوک، دیالا، نەینەوا دان. خەسڵەتی ئەو گروپە بریتیە لە زۆرینەیێکی زۆری عارەب لە چاو هی کورد و نیشتەجێکردنیان.

## ڕەبیعە

نیشتەجێکردنی عارەب و کۆچپێکردنی کورد بوونەتە هۆیی بەرزکردنی ڕێژەی عارەب بۆ نزیکەی ٩٠٪ دانیشتوانی ناحیەی ڕەبیعە (ئەستانی نەینەوا) و نزمکردنی ڕێژەیی کورد بۆ نزیکەی کەمتر لە ١٠٪ لە سەرجەمی دانیشتوان دا. لە ساڵی ١٩٦٥دا، جیاوازی نێوان ڕێژەکان هێشتا زۆرتر بوو و، بەو شێوە بوو : کورد – ٧٪ و عارەب – ٩٣٪ (سەرباری ٦). ژمارەی نەتەوەکانی دیکە بەسەر یەکەوە سەد کەسێک دەبێ.

## باشیک

ژمارەی گشت نەتەوەکانی غەیرە عارەب بەسەر یەکەوە کەمێک لە دوو هەزار زێترە ئەویدیکەی گشتی بە عارەب، با بنەچەشی هەو نەبێ، ناونووس کراوە. لە سالّی ١٩٦٥دا ٢٠٪ کورد و ٧٣٪ عارەب و ٣٪ تورکمان بوو (سەرباری ٦). ژمارەی نەتەوکانی دیکەش، لەبەر ئەوەیی بە عارەب نووسراون، دیار نەکراوە و بەگەڵ عارەب دراوە. ئاگاداری هەبوونی ژمارەیێکی زۆری سریانین.

## قۆڕەتوو

دانیشتوانی ناحیەی قۆڕەتوو (ئەستانی دیالا) عێراق بە بهانەی ستراتیژی ناوچەکەیان بۆ لایەنی دیکەیانی گواستنەوە و عارەبی لە شوێنیان نیشتەجێکرد. بەو شێوە رێژەی کورد داکەت بۆ ٥٪ سەرجەمی دانیشتوان و، هی عارەبیش لە هیچەوە بۆ ٩٨٪ هەلکشا. کە چی لە سالّی ١٩٦٥دا، رێژەی کورد ٩٤٪ و هی عارەبیش – ٦٪ بوو. ژمارەی نەتەوەکانی دیکە لە دەوروبەی دە کەس بوو.

سێ ناحیەی باسکراو لەگەڵ ئەوانەی لەوانە دەکەن بۆ ئەوە دەشێن بە رێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوان دا، بکرێن بە گروپێکی سەربەخۆ زاراوەیی بە ناوی ناوچەی ئیتنی رێژەی هەرە نزم (١٠٪ – ٥٪) . یەکە ئیداریەکانی ئەو گروپە، لە رووی ئیداریەوە لە چوارچێوەی ئەستانی نەینەوا، کەرکوک، دیالا دان. خەسڵەتی ئەو گروپە بریتیە لە دێکوردکردنی تەواو.

## زمار

کۆچپێکردنی کورد و نیشتەجێکردنی عارەب لە شوێنیان دا باش ئێرەی بە بەر خۆ داوە. رێژەی کورد (٤٫٩٪) لە کەمیان لەگەڵ هی عارەب (٩٥٪) بۆ بەراوردکردن ناشێ. لە سالّی ١٩٦٥دا نەخشەکەیان بەو رادەی بە لایی عارەب نە شکاند بوو. ئەو کات رێژەی کورد ٤٣٪ و هی عارەبیش ٥٧٪ بوو (سەرباری ٦). تاک و تووک کەسانی نەتەوەیی دیکە هەیە.

## مەیدان

ژمارەییێکی یەکجار زۆر کەم کەسانی نەتەوەی دیکەی وەکو کورد (١٪)، تورکمان (٠,٢٪) لە ناحیەی مەیدان (ئەستانی دیالا) هەیە. ئەوەی دیکەی سەرتاپی عارەبی نیشتەجێکراوە. نەخشەکە بە تەواوی لەگەڵ هی ساڵی ١٩٦٥ پشت لێکە..روونتر ٧٣٪ دانیشتوان کورد و ٢٦٪ یش عارەب بوو (سەرباری ٦). بەو شێوە ناوچەکە لە روخساری کوردستانییێتی روتان دنراوە.

## ئیشمالۆ

